# یار وەکوو بەردەنگ
# لە شیعرە کوردییەکانی سافی هیرانیدا

**ڕزگار جەباری**

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا لەپاش پێناسە و پۆلێنکردنی جۆرەکانی بەردەنگ، هەوڵ دراوە، یار وەکوو (مخاطب) بەردەنگی شیعریی لە بەشی شیعرە کوردییەکانی دیوانی صافی هیرانیدا بە هەموو واتا دیار و خوازراوەکانییەوە بخرێتە بەرباس. یاری سافی کێیە؟ یان کێن؟ سافی وەکوو یەکێک لە نوێنەرانی دووەم یان سێیەمی شیعری قوتابخانەی بابان و خاوەنی گیانێکی سۆفییانە، کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ و نیوەی سەدەی ٢٠ی زایینی ژیاوە، کێی بە (یار) زانیوە؟. ئاماژەکانی پەیڤی (یار) لە شیعری سافیدا دەستنیشان کراون و پۆلێن کراون بۆ سێ جۆر کە بریتین لە یاری عیرفانی (ئەوینی حەقیقی)، یاری ئەدەبی (ئەوینی نموونەیی) و یاری مرۆیی (ئەوینی مەجازی) لەنێوان ئەمانەدا یاری عیرفانی دەرکەوتەی ئەوینی یەزدانییە واتە خودا، ئەوینی ئایینی واتە پێغەمبەری ئیسلام، ئەوینی سۆفییانەیە، واتە شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مورشیدەکەی، کە هەموویان بریتین لە ئەوینی ڕووحی. بۆ هەریەک لەم سێ جۆرە بە لقەکانیانەوە، هەوڵ دراوە تا سێ نموونە شیعری وەکوو بەڵگە بخرێتە ڕوو و ڕاڤەکردن.

**کلیلەوشە**: بەردەنگ، شیعری کوردی، یار، عیرفانی، ئەدەبی، مرۆیی، سافی هیرانی

## پێشەکی

بەردەنگناسـی نەک تەنها لە شـیعر لە زۆر بـواری دیـکەی کـایەی ڕۆشـنبیری و زانسـتیی سـەردەمیانەدا بـایەخێکی زۆری پەیدا کـردووە. شیعریش خاوەنی گوتاری خۆیەتی و بەشداری گفتوگۆی ڕۆشنبیری و کولتووری جیهانی دەکات. سـەکۆی شـاعیر ڕوو لە بەردەنگ (وەرگر، بیسـەر، خـوێنەر)ە. بەردەنـگ مەرج نییە تەنها هـاوبیر و هاوئاوازەکانی شاعیر خۆی بن. بەڵکوو دەکرێت کەسانی بێلایەن و تەنانەت دوژمنیش بـن. مەرج نییە لە نـزیکەوە بێت، بەپـێچەوانەوە دەکرێـت دووریـش بـن. مەرج نییە تەنها مرۆڤ بێت، دەشێت بوونەوەرانی پێواری (غەیبی) بن و هەروەهـا دەکرێـت ئـاژەڵان و شـتە بێگیانەکـان تەنـانەت بـوونەوەرانی خەیـاڵیش بـن. بەردەنـگ ڕەنـگە هـاوچەرخی شـاعیر بێـت، یـان سـەربە سـەردەمی ڕابـردوو یـان سـەربە نەوەکانی داهـاتووش بن. بەردەنگ لە هەموو ئاستێکدا دەکرێـت سـەرووتر بێت لە شـاعیر و دەکرێـت خـوارتر بێت. بەردەنگ دەکرێت لە هەمـوو چین و تـوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بێت و دەیان جۆری دیکەی بەردەنـگ هەیە. تەنـانەت دەکرێـت بەردەنـگ خـودی شـاعیر بێـت یـان ئەنـدامێکی شـاعیر بێـت وەکـوو دڵ. بەڵام بەردەنگ هەرچییەک بێت کە پەیامی ئاڕاستەکراوە، بەهۆی خوێندنەوەی دەقەوە بـازنەی وەرگرتنـی ئەم پەیـامە هەمـوو خوێنەرێـک دەگـرێتەوە. پەیـام هەمـوو ئاخـاوتنێکی ئاراسـتەکراو لە ئامۆژگـاری و ئەویـن و ڕازونیـازە بگـرە تـا ورووژانـدن و ترسـاندن و...هتـد دەگـرێتەوە. بەردەنگناسـی بـابەتێکی گرینگـی ئەدەبیـاتە و لەو میتـۆدە گرینگـانەی ڕەخنە کە بایەخی تایبەت بە بەردەنگ دەدات، فۆرمالیستیی ڕووسەکانە، بەتـایبەتی ڕۆمـان جاکۆبسـن (١٨٩٦ – ١٩٨٢ز) کە بەردەنـگ هاوشـان

لەگەڵ پێنج تـوخمی دیکە واتە: ئـاخێوەر، زەمینە، هێمـا، پەیـام و بـابەت؛ بەشدارە لە پێکهاتنی پرۆسەی پێوەندیی زمانی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت و گرینگیی توێژینەوە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە توێژینەوەیەکی سـەربەخۆ لەبارەی بەدەنگی شیعری لە شیعرە کوردییەکانی سافی هیرانیدا ئەنجام نەدراوە، بە تـایبەتی (یـار) وەک بەردەنـگ. چـونکە سـافی پەیڤـی یـار و هاوواتاکانی زۆر بەکارهێناوە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

یـار بەردەنگێکـی بەهێـزی نـاو شـیعری سـافی هیـرانییە و لە زات و کەسـی جیـاوازدا دەردەکەوێـت کە سـەرێکی لە ئاسـمانە و سـەرێکی لە زەویـیە. بە ناسـنامەی جسـمانییەوە هەڵگـری ڕوحـی عیرفـانیە و بە پێچەوانەشەوە.

**پرسـیاری تـوێژینەوە:** ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵ دەدات وڵامـی ئەو پرسـیارە بداتەوە، یـار وەکـوو بەردەنـگ کە پانتـاییەکی فراوانـی دەنگـی سافیی بۆ تەرخان کراوە، کێیە یان چی زات و کەسـانێک دەگرێتەوە. بە وەرگرتنـی ئەم وڵامـانە تێگەیشـتنێکی وردترمـان دەبێـت لەسـەر ناسینەوەی یار لە شیعری سافیدا.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە تەنهـا شـیعرە کوردییەکـانی سـافی هیرانـی دەگـرێتەوە وەکـوو نـوێنەری دووەم یـان سـێیەمی قوتابخـانەی بابـان بە هزر و گیانێکی سۆفییانەوە؛ بەرهەمـی هێنـاون. لەنـاو تێکستەکانیشـدا بە دوای بەردەنـگ دەگەڕێـین وەکـوو کەسـێکی خۆشەویسـت. ئەگەرچـی خۆشەویست بە نـاو و نیشـانی دیکەوە هـاتوون وەکـوو (حەبیبە، جانـا،

دڵبەر و..هتد) بەڵام لێرەدا تەنها جەخت کراوەتە سەر پەیڤی (یار) کە زاراوەیەکی سۆفییانەیە.

**پاشخانی توێژینەوە:**

ئەوەندەی لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی وەکوو کتێب و ئینتەرنێتدا بە دوای بابەتی بەردەنگ لە شیعری سافی هیرانیدا گەڕاوین، هیچ بابەتێکی سەربەخۆ تەرخان نەکراوە و نەنووسراوەتەوە لەبارەی بەردەنگ بە تایبەتی (یار) لە شیعری سافیدا، جگە لە هەندێ ئاماژەی کورت لە توێژینەوە جۆربەجۆرەکاندا.

**میتودی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ ڕاڤەکردنی نموونە شیعرییەکان و گەیشتن بە واتا خوازراوەکانی پەیڤ یان زاراوەی (یار)، میتۆدی وەسفی-شیکاری بەکارهاتووە. ئەمەش پشتبەستن بە خوێندنەوە لە بەستێنی دەقەکە و هونەری خوازە بۆ یار لە نەریتی شیعری کلاسیکدا.

**پوختەیەک لە بەردەنگناسی**

**١-بەردەنگ:**

بەردەنگ (مخاطب: Addressee) وێڕای بەکارهێنانە گشتییەکەی، پڕە لە ناکۆکی لە واتا و تێگەیشتندا. ناکۆکییە تیۆرییەکەی لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە پەیڤی سادە و تاقانەی (بەردەنگ) بۆ ئاماژەی واقیعییەتێک بەکاردێت کە ڕۆژانە لە دۆخی ئاڵۆزتربوون و هەمەچەشنتربووندایە و دەکرێت پۆلێنی تیۆریی دژبەیەکی لێ ببێتەوە. لەم چەند دەیەی دواییەدا، پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی زاراوەی بەردەنگی لێ بووەتەوە. بەردەنگ چەمکێکی گۆڕاوە کە ئایا ئێمە هەڵیدەبژێرین، یان ئەوە دەقە؛ ئێمە

هەڵـدەبژێرێت. دەق لە لایەکەوە جـۆر و پێکهـاتەی جیـاوازیی هەیە و لە لایەکی دیکەوە پڕۆسەی ئەفراندنی دەق جیاوازە. (صادقی، ١٣٩٥) هەروەها بەردەنگ بە پەیڤێکی کۆن دادەنرێت کە لە چەرخـی فەرهەنگیـی زارەکـی مـرۆڤەوە مـاوەتەوە. لە ڕابـردوودا بەردەنـگ بەشـێوەیەکی سـەرەکی بە دەستەیەکی خەڵکی وتـراوە کە بەرلە چەرخـی سـەرهەڵدانی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن، بۆ بیسـتنی ئاخاوتنێک، وتارێک یـان باسـێک لە یەک شـوێندا کۆدەبوونەوە. (غلامی، و نجف جوکار، ١٣٩٥) کەواتە بەردەنگ لە زماندا ئەو کەسـەیە کە قسـەی لەگەڵدا دەکرێت و لە زاراوەشـدا بـریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی لە شوێنێکدا پێکەوەن یان پەرتەوازەن، بەڵام سـەرنجیان لەسـەر بابەتێکی هاوبەشە و لە بەرانبەر ئەو بـابەتەدا کـاردانەوە پیشـان دەدەن. ئەگەر لە ڕووی زمانەوانییەوە سـەرنج بخەینە سـەر زاراوەی (مخاطب: بەردەنگ) لە زمانی عەرەبیدا، ناوی بەرکارە و دروست کەسـی دووەمـی تـاکە. کەواتە دەبێـت (خطیـب: وتـاربێژ) ئاخێوەرێـک هەبێـت کە کەسـی یەکەمـی تـاکە. بـۆیە دەبینـین ئەم زاراوەیە لە کـاری سـیانی (خطـب)ەوە هاتووە و پێوەندی بە گەیاندنی (خطبة: وتار)وە هەیە. واتە لە سـەرەتاوە بەردەنگ پێوەندیی بە پڕۆسەی  وتن و بیستنەوە هەیە نەک نووسـین و خوێنـدنەوەوە، کە لە قۆنـاغی دواتـردا خـوازراوە بـۆ خـوێنەر یـان ئەو کەســەی دەقەکەی ئاڕاســتە کــراوە. لەو ســۆنگە کە ژانــری شــیعر لە سەرەتای مێژووی ئەدەبی گەلاندا زیـاتر هـونەرێکی وتـاری بـووە، واتە بــۆ خەڵکــی خوێنــدراوەتەوە. وەکــوو ئەوەی لە مێــژووی شــیعری سـەردەمی جاهیلیی عەرەبدا هەبووە، بۆیە بەشـێک لە جوانی و گیـانی واتــای شــیعر لە هــونەری خوێنــدنەوە و گەرووی شــاعیردایە. بــۆیە ئێستاشـی لەگەڵدا بێت بەشـێک لە ئەدەبناسـان خەجت لەسـەر چۆنێتی خوێندنەوەی شیعر دەکەن. بۆ نموونە لارس پێرین لە کتێبی (لەبـارەی

شـیعر)ەوە لە بەشـێکدا بە نـاوی (چـۆن شـیعر بخـوێنینەوە) پێـنج خـاڵ وەکـوو ڕێنمـایی و پێشـنیاز دەخـاتە ڕوو. کە هەمـوو ئەمـانە لەپێنـاو بەردەنگە. (پرین، ۱۳۸۳: ۲۳)

ئەوەی باسکرا دەتوانین لە هاوکێشەکەی باختین بیخەینە ڕوو. "بەپێی لۆژیکی گفتوگۆی باختین، بەرهەمی ئەدەبی جۆرێکی پێوەندیی زمانییە کە سەرەکیترین تایبەتمەندیی، گفتوگۆیە. گرنگترین توخمی سـەرەکی لە هەموو گفتوگۆیەکدا پێوەندیی زارەکی یان نووسراو بریتییە لە:

ئاخێوەر ------- وتار ------ بیسەر (بەردەنگ)" (ذوالفقاری، ۱۳۹۱: ۵۸)

یەکێک لە شێوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە پێناو ڕاڤەی دەق، کارکردنە لەسـەر خـوێنەر. واتە خـوێنەر (بەردەنـگ) چەقـی سـەرنجە. لەو هەمـوو هەوڵانەوە لەپێناو ناسینی بەردەنگ، زانستی بەردەنگناسی هاتە کایەوە، کە لە ژیانی ئەمڕۆماندا نەک تەنها بواری ئەدەبی، بەڵکوو "لە زۆرێک لە زانستەکان و هونەرەکاندا بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت. گەنگەشـەی دەقـی ئەدەبیـی کـۆن و تـوێژینەوەی هـزر و هەڵهێنجانەکـانی نووسـەر پێوەندیـدار بە بەردەنگی خۆیەوە، دەتوانێت ئاسـۆیەکی تـازە بە ڕووی توێژەردا بکاتەوە". (غلامی، و نجف جوکار، ۱۳۹۵)

گرینگی بەردەنـگ لە ئەدەبدا و بە تـایبەتی ژانـری شـیعر لەبەر ئەوەیە کە پێوەنـدیی بە زانسـتی واتـا و ڕەوانبێژییەوە هەیە، چونکە "یەکێک لە ڕێگاکـانی هەژمـوون و ڕۆچـوون بـۆ نێـو زەیـن و گیـانی بەردەنـگ بەکارهێنانی پەیڤ و ئاخاوتنە بە شێوازێک کە دەستمایەی زانستی واتـا و ڕەوانبێژییە." (اکبری، منوچهر و رقیه سپهری، ۱۳۸۸: ۱۹٤)

کەواتە کاریگەری خستنە سەر بەردەنگ "یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نووسـەرانی مەزن و دانەری بەرهەمـی ئەدەبیـی دیـار. چـونکە لە

بنەڕەتەوە هونەر و ئەدەبیات بە بەرکەوت لەگەڵ بەردەنگدا دوا واتای خۆی وەردەگرێت. هەروەها گیانی بەرجەستەی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەسەر ئاستی کاریگەرییەکەی لەسەر زەینی گشتیی کومەڵگە و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی دەستەیەکی گشتگیرتر لە بیروباوەڕەکان و توێژەکاندا دیاری دەکرێت." (ازاری، و علی اکبر، ۱۳۹۸: ۷۱) لونگینۆس وێژەوانی ناسراوی ڕۆم (۸۵ – ٤۲ پ.ز) پشتگیری لە بۆچوونێکی وا دەکات و دەڵێت: بەهای بەرهەمێکی ئەدەبی بریتیە لە کاریگەرییەکەی لەسەر دۆخەکانی خوێنەر یان بیسەر. لەڕاستیدا بەردەنگی بەرهەمێک، شتێکی جیا لە بەرهەمەکە نییە." (ازاری و علی اکبر، ۱۳۹۸: ۷۱)

**۲-جۆرەکانی بەردەنگ**

بەپێی بیروباوەڕ و خەیاڵی نووسەر بۆ بەردەنگ و شوێن و کات و تایبەتمەندییەکانی، بەردەنگ چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە کە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

**۱-۲-بەردەنگی نێودەق:**

بەردەنگی نێودەق ئەو بەردەنگەیە کە هەموو شاعیر و نووسەرێک بەرلە ئەفراندنی دەق، لە خەیاڵیدا هەیە، چونکە نووسین، ئاخاوتن بە بەکارهێنانی هێماکان دەکرێت. بۆیە ئاخاوتن بەبێ بەردەنگ یان گریمانەی بەردەنگ، ناکرێت. (ذوالفقاری، ۱۳۹۱: ۵۸) ئەم جۆرە بەردەنگە پۆلێن دەکرێت بۆ چەند جۆرێکی دیکە.

**۱-۱-۲- بەردەنگی بەهێز:**

ئەو بەردەنگەیە کە بەشێکە لە پێکهاتەی بەرهەمەکە و هیچکات وێنایەکی دیاری لێ نابینرێت. ناوە جیاوازەکانی ئەم بەردەنگە لە سەرچاوەکاندا بریتین لە: خوێنەری گریمانەیی، خوێنەری (تلویحی)، خوێنەری مەجازی، خوێنەری ناواخنی، خوێنەری نادیار. شارەزایان ئەم

زاراوانە بەکاردێنن لە ئاماژە بە بوونی گریمانەی خوێنەر کە بەرهەمەکە دەخوازێت ئاڕاستەی وی بکات. بەردەنگی گریمانەیی لە جۆری ئایدیاڵی و کامڵ بە ((خوێنەری دڵخواز)) یان ((خوێنەری ئایدیاڵی)) ناوزەد دەکرێت. بەردەنگی ئایدیاڵی ئەو بەردەنگەیە کە دەتوانێت هەموو واتاکانی ناو دەق بە دروستی وەربگرێت. بۆ ئەفراندنی بەرهەمێک، بوونی بەردەنگێکی وا تا ئاستێک پێویستە کە تەنانەت ئەگەر لە جیهانی ڕاستیشدا نەبێت، دیسانەوە دانەر لەکاتی ئەفراندندا ئەم خوێنەرە لە زەینی خۆیدا دروست دەکات. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٨)

## ٢-١-٢- بەردەنگی بەکار:

ئەو بەردەنگەیە کە لە دەقدا ئاماژەی پێ کراوە و گوتاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی شاعیر و نووسەر بۆ ئەوە. هەر سێ جۆری ئەو بەردەنگانەی لە بەشی دووەمدا باسیان لێوە دەکەین، لەم جۆرەن. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٨) ئەم جۆرەش چەند لقێکی لێ دەبێتەوە:

### ١-٢-١-٢- بەردەنگی پێواری (غەیبی):

ئەو بەردەنگەیە کە پێوەندیی بە سەرووی جیهانی مادییەوە هەیە. لە سۆنگەی بیروباوەڕەکانەوە بوونێکی پێواری هەیە. وەکوو: خودا، فریشتە، گیانی چاکان، پەری، حۆری، ئەهریمەن، شەوە، ئاڵ و دێوەزمە و... هتد. بەشێک لە یاری عیرفانی لەم جۆرەن، وەکوو خودا کە لە ڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە، خوازەیە. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩)

### ٢-٢-١-٢- بەردەنگی مرۆیی:

ئەم بەردەنگە، مرۆڤە؛ کە دەکرێت تەنیا بێت و دەکرێت گروپێک بن. یاری ئەدەبی و یاری مرۆیی لەم جۆرەن. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩) ئەم جۆرەش بۆ خۆی دوو لقی لێ دەبێتەوە:

### ١-٢-٢-١-٢-بەردەنگی ڕووالەتدار:

ئەم بەردەنگە کەسێکی دیاریکراوە، وەکوو یار، هاوڕێ، هاوژین، هاوکار، دوژمن. هەروەها بە دوو شێوە دەناسرێتەوە: بە ئاماژەدان بە ناوی کەسەکە و بەبێ ئاماژەدان بە ناوی بەڵکوو لە ڕێگەی وەسفییەوە یان وەسفی شوێن و کات و ڕووداوێکی تایبەت بە ئەو کەسە. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩)

### ٢-٢-٢-١-٢-بەردەنگی بێ ڕووالەت:

کەس یان کەسانێک کە بە بەکارهێنانی ناوی گشتی، سیفەت، ڕاناو کرابن بە بەردەنگ. ئەم جۆرە دەکرێت عەینی بن یان تەجریدی بن. بۆ نموونە کاتێک شاعیر لەگەڵ یارەکەی دەدوێت، دەکرێت هەر بەڕاستی کەسێکی تایبەتی و ڕاستی لە خەیاڵدا هەبێت یان تەنها وێنایەکی تەجریدی لە ئەوین و یار لە خەیاڵدا هەبێت. بەهەرحاڵ هیچ بەڵگەیەک لەسەر بوون و نەبوونی ئەم جۆرە بەردەنگە نییە و زۆرجار دەلالەت لەسەر جۆر و گشتگیری دەکات. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩)

### ٣-٢-١-٢-بەردەنگی نامرۆیی:

ئەم بەردەنگە بریتییە لە شتە بێگیانەکان و ئاژەڵان و شتە واتاییەکان و...هتد. لە ڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە، بریتییە لە هونەری (تشخیص) واتە (بەکەسکردن). (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩) ئەم جۆرەش سێ لقی لێ دەبێتەوە:

### ١-٣-٢-١-٢-بەردەنگی زەینی:

بریتییە لەو شتانەی کە لە زانستی ڕێزماندا پێیان دەڵێن: ناوی واتایی. ئەمانە بوونیان لەسەر ئەویتر ڕاوەستاوە. وەکوو: ئەوین، خەم، شادی، ژیان، مردن، خەون، ئازار و...هتد. ئەمانە نموونەی ئەو شتانەن کە بوونیان گرێدراوی بوونی مرۆڤ یان شتی دیکەن. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩)

**٢-٣-٢-١-٢-بەردەنگی عەینی:**

ئەو بەردەنگەیە کە بوونیان لەسەر خۆیانە و سەربەخۆن. وەکوو توخمەکانی سروشت و شت و تەنەکان. بوونی ئەمانە گرێدراوی هیچ بوونێکی دیکە نین. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩)

**٣-٣-٢-١-٢-بەردەنگی زەینی-عەینی:**

ئەو بەردەنگانەن کە تێکەڵەیەکن لە هەردوو جۆری زەینی و عەینی. وەکوو ڕۆژگار و چەرخ. ڕۆژگار هەم سەربەخۆیە و هەمیش لەلای بوونی دیکە وەکوو مرۆڤ واتا وەردەگرێت. (ذوالفقاری، ١٣٩١: ٥٩)

**٢-٢-بەردەنگی دەردەق:**

ئەو بەردەنگەیە کە لە دەرەوەی پێکهاتەی دەق و دوای ئەفراندنی دەقی ئەدەبی، بەرهەمەکە دەخوێنێتەوە. دەق سنووری دابڕێنەر و پردی پێوەندی نێوان دانەری بەرهەم (نووسەر) و خوێنەرەکەیەتی (بەردەنگ). بەردەنگی دەردەق چەقی سەرنجی میتۆدی بەردەنگ-تەوەرە وەکوو تیۆریی وەرگرتن و هێرمنیوتیک. ئەم تیۆرییانە دەپەرژێنە سەر شیکار و ڕوونکردنەوەی چۆنێتی وەرگرتن لەلایەن بەردەنگ لە دەقەوە و هەروەها بەگوێرەی چاوەڕوانیی بەردەنگی دەق، ئەزموونی هاوبەشی بەردەنگ و دانەر، کارامەیی ئەدەبی و ڕێکەوتنەکانی خوێندنەوە، هەوڵ دەدەن بپەرژێنە سەر ڕوونکردنەوە و شیکاریی بەرکەوتی نێوان دەق و بەردەنگ.(ذوالفقاری، ١٣٩١: ٦١)

**بەردەنگ لە شیعرەکانی سافی هیرانیدا**

**١-سافی هیرانی (١٨٧٣ – ١٩٤٢ز):**

(صافی: سافی) شاعیرێکی بە نەتەوە کورد و بە ئایین موسڵمان و بە مەزهەب شافیعی و بە تەریقەت قادری بووە. ناوی تەواوی بریتییە لە

کاک مستەفا کوڕی کاک عەبدوڵلا (ثانی) کوڕی کاک عەلی و سافی نازناوی شیعریی ئەوە و بە سافی هیرانی ناسراو بووە. لە گوندی هیرانی دەڤەری خۆشناوەتی لەدایکبووە. بۆ خوێندن چەند شوێنێکی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاوە. لە تەمەنی (٣٠) ساڵی لەدوای کۆچی دوایی باوکی، لە خانەقاکەیاندا بووە بە جێنشین. (هیرانی، ٢٠١٥: ١٨-٢٠) سافی لە ئەزموونی شیعریدا شاگردێکی زیرەکی قوتابخانەی نالییە و کاری مستەفا بەگی کوردی ڕوون و ئاشکرایە بەسەر هەندێ لە شیعرەکانی. جگە لە زمانی کوردی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیش شیعری نووسیوە. "سافی لەناو زاراوە و وێنە شیعرییە داهێنراوەکانی پێش خۆی دەسووڕێتەوە و هەندێجاریش وێنەی نوێ دروست دەکات." (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٣٣) کەسایەتیی وەکوو مەلای گەورە و مامۆستا گیوی موکریانی و مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی پەسنی سافیان کردووە. هەروەها سافی لەنێو کۆڕی شاعیراندا خۆشەویست و خاوەن پێگەی سەردەمی خۆی بووە. ئەمەش چەند نموونەیەکە لە وێنەدانەوەی پێگەی سافی لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخیدا:

کانیی دۆغرەمەچی لەبارەیەوە دەڵێت:

ئوستادی غەزەلی سافییە جێگەی لە ئێرانە

مەدحی چ بکەم تاهر و مەشهووری جیهانە (سەفی زادە، ٢٠٠٨، ٧١٦)

مەلا ڕەسوولی بێتووشی (مەنفی) دەڵێت:

ئەوا ئیمانی پێت هێناوە مەنفی

بفەرموو مستەفای ئاخر زەمانم (سەفی زادە، ٢٠٠٨: ٧١٧)

خادیم دەڵێت:

تەخەڵلوصی (صـــافی) بـــــوو موصطەفایە کاکی هیرانی
لە شیعری صاف و وردی عالەمی مەبهووت و حەیرانی (هیرانی، ٢٠١٥: ٥٩٧)
ئەمین شنۆیی چامەیەکی (١٢) دێڕی بۆ سافی نووسیوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:
وەرە پەیکی سەبا ئیمڕۆ ببە قاصیدی فەرمانم
بچۆ بـۆ خاکی هیرانیٚ لە بۆ کن گیانی گیانانم (بەلەدی، ١٣٩٨: ١٠٢)
بێخود غەزەلێکی (٥) لە پێشوازی هاتنی سافی بۆ شاری کۆیە نووسیوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:
مەڵیٚ ئەی نـــازەنین بۆ شاری کۆییٚ کاکی ئێران هات
بفەرموو عەسکەری لەشکرشکێنی شاهی گەیلان هات (کەریم، ٢٠١١: ٢٧)

**٢-یار وەکوو بەردەنگ لە شیعری سافیدا:**

وەکوو نزار قەبانی لە کتێبی (سەرگوزەشتەم لەگەڵ شیعردا) دەڵێت: شیعر گوتارێکە بۆ کەسانی تر دەینووسینەوە. گوتارێکە بۆ ئاڕاستەیەک لە ئاڕاستەکان دەینووسینەوە. (قەبانی، ٢٠١٥: ١٥٩) بێگومان سافی هیرانیش وەکوو شـاعیرێک خـاوەنی گوتـاری شـیعریی خـۆی بـووە و ئاڕاسـتەی کەسانێکی کردووە کە بەردەنگنی شیعریی ئەون. لەم بەردەنگانە کەس یان کەسانێک هەن کە بۆ شاعیر (یار)ە، یان (یـار)ن. لەم تـوێژینەوەیەدا کار لەسەر بەردەنگی نێودەق لە شیعری سافیدا کراوە. هەروەها لەبـری گوتاری ئاڕاستەکراوی بەردەنگ بکۆڵینەوە، بە دوای ناسنامەی خودی بەردەنـــگ دەگەڕێـــین و بـــۆ ئەمەش تەنهـــا لەســـەر زاراوەی (یـــار) ڕاوەســتاوین کە وەکـوو بەردەنگـی شـێعری کـێ یـان چـی کەسـانێک دەگرێتەوە. یار ئەگەرچی زیاتر لە سیٚ جۆر دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا سیٚ جـۆر دەخەیـنە بەر بـاس و ناسـاندن کە ئەوانـیش: یـاری عیرفـانی

(ئەوینی یەزدانی) و یاری ئەدەبی (ئەوینی ئایدیاڵی) و یاری مرۆیی (ئەوینی جەستەیی)-ن. یار زۆر واتای جیاوازی فەرهەنگی و زاراوەیی هەیە. وەکوو: دڵبەر، دڵدار، خۆشەویست، گراوی، نیگار، دۆست، هاوڕێ، هاودەم، هاونشین، پشتیوان، پارێزەر، دەستگر، لایەندار، هاوکار، یاوەر، هاوگەمە، هاوبەش، هاوجۆر و...هتد. لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا هاتووە، ١-یار: هەواڵ، ئاواڵ، ڕەفیق ٢-گراوی، دڵبەر، ماشقە ٣-خاوەن: (بەختیار، وشیار) ٤-کارکەر: (جوتیار، کڕیار، فرۆشیار) ٥-پاشگرێکە چاوگەیی دەدا بە وشە (بڕیار، پرسیار) ٦-یاریکار (خوا یار بێ) (هەژار، ١٣٨١: ١٠٢٦) لە شیعریشدا: جانانە، جانان، تورک، خوبان، شۆخ و زۆر هاوواتای دیکەی بۆ دانراوە. لە شیعری عیرفانیشدا خودا و مورید و مورشید و هەموو سەرمەشقەکانی ئەوینی یەزدانی دەگرێتەوە. لە ئایینی ئێزیدیدا خوشک و برای ئایینی بە (یاری ئاخرەت) ناوزەد دەکرێن. لە واتای فەرهەنگی و شیعرییەکەیدا ئەگەر وەکوو خوازە بەکارنەهێنرابێت، بەگشتی بریتییە لە مرۆڤێکی خۆشەویست کە هەڵگری ناسنامە و سیفەتی ڕەگەزی مێیینەییە. دژەواتای هەموو ئەم واتایانە بریتییە لە ئەغیار (بێگانە)، دوژمن، ڕەقیب و حەریف. ئایا سافی وەکوو سۆفی (سەربە تەریقەتی قادری)، وەکوو شاعیر (داڕێژەری نموونەی باڵا)، وەکوو مرۆڤ (ڕەگەزی نێر: پیاو) لە هەریەک لەم ئاستانەدا سیمبولێکی خۆشەویستیی هەبووە کە لەژێر ناونیشانی (یار) ئاماژەی پێ دابن؟ ئایا ئەم (یار)انە وەکوو بەردەنگ لە شیعری ئەودا ڕەنگیان داوەتەوە؟ لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

هەروەکوو نەریتی زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی عیرفانی و گۆرانی (غنائی) چی کورد و غەیرە کورد، خۆشەویست وەکوو بەردەنگ لە

شیعری سافیشدا جێگایەکی زۆری هەیە. ئەم خۆشەویستە جگە لەژێر ناونیشانی (یار) بە شێوەی جۆراوجۆری دیکەشدا هاتووە. وەکوو: دڵبەر (٦ جار) کە هەر شەشی لە دۆخی بانگکردندایە. نیگار (٤ جار) کە دوو جاری لە دۆخی بانگکردندایە. جانا (١٢ جار) کە هەموویان لە خۆی بانگکردندان. عەزیز (١ جار) و حەبیبا (٢ جار) کە هەردوو جارەکە لە دۆخی بانگکردندان. لەم ئامارەدا بۆیە ئاماژەمان بە جارەکانی پاتبوونەوەی دۆخی بانگکردن داوە، چونکە دۆخی بانگکردن بەهێزترین شێوازی بە بەردەنگکردنی کەسە لە شیعردا.

سافی لە (٤١) دەقی شیعریدا ئاماژەی بە پەیڤی (یار) بە شێوەی تاک کردووە، کە لە (٢٤) دەقیاندا زیاتر لە یەک جار ئاماژەی پێ داوە. زۆرترین پاتبوونەوەی ئاماژە لە یەک شیعردا (٥) جارە. سەرجەمی ئاماژەکان (٨٠) جارن.

ئەڵبەتە سافی (یار)ی تەنها لەسەر شێوەی تاک بەکارنەهێناوە بەڵکوو لەسەر شێوەی کۆیەکەیشی واتە (یاران)ی بەکارهێناوە. یاران هەم دەتوانێت بەردەنگی تازە بێت، وەکوو هاوڕێیان، هاوکاران، هاوبیرانی شاعیر. هەمیش دەتوانێت بە ڕێژەیی هەر سێ جۆرەکەی (یار) بگرێتەوە. پەیڤی یاران (١٩) جار و لە (١٨) دەقدا هاتووە. لە هەموویاندا کەسی دووەمن واتە بەردەنگن تەنها لە دوو ئاماژەدا وەکوو کەسی سێیەم هاتوونە. پەیامی شاعیر بۆ یاران بەگشتی بریتییە لە: دەردەدڵ، تکا، سکاڵا، عەرزی حاڵ، ڕاوێژ و ئامۆژگاری. بەگشتی یاران لای سافی هەموو ئەو کەسانەن هاودەمی ئەون و لە زمانی ئەو تێدەگەن، بۆیە پەنایان دەباتە بەر:

دەخیل (یاران) لە فیرقەتدا نەما ئارام و تەسکینم
برینم زۆر کولە چارم نییە لەو زاری یوو شینم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢١٣)

چوار جاریش (یار) و (یاران)ی پێکەوە هێناوەتەوە:
مەڵێن صافی کە ئێستێکە لە یادی (یـار) نییە (یـاران)
لە دڵدا فیکری دڵدارە و هەمیشە ذیکر ئەکا نـــــاوی (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٩٢)

سـافی چەنـد پەیڤێکـی دیـکەی بەکارهێنـاون کە لە پەیڤـی (یـار)ەوە داتاشراون. وەکوو پەیڤی (یاری) کە بە واتای یارمەتی و کۆمەک دێت:
مەرحـــەباییێکم بکا بۆ دڵـــــفریبی مــــنیەتی
وەرنە ئەم بێڕەحمە کەی بۆ عاشقان (یـاری) دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٧٦)
هەر هەمان پەیڤ، کە بە واتای (گەمە، وازی، کایە) دێت:
دڵی بولبول لە دەوری باغی گوڵ (یاری) نەکا چ بکا؟
لەتاوی غونچە هـەردەم شیوەن و زاری نەکا چ بکا؟ (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٧)

### ١-٢-یاری عیرفانی

بوارێکی ئەزموونگەرای ڕووحی وەکوو عیرفان، مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە بنەڕەتەوە کایەیەکی سەربەخۆ بووە لە بابەتی ئایینی. بەڵام هەموو ئایینەکان لە هەناوی خۆیاندا، هەڵگری جۆرێک لە گیان و هزری عیرفانین. لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و لە پاش دوو سەدە بەدواوە، پەیتا پەیتا عیرفانی ئیسلامی سەریهەڵدا. زۆری پێ نەچوو بەهـۆی نزیکـایەتی عیرفـان و ئەدەب لە دەربڕینـدا ئەم دوو کـایەیە ئاوێتەی یەک بوون. عاریفانێک پەیدا بوون بۆ گەیاندنی گوتاری خۆیان پەنایـان بـردە بەر شـیعر و هێماکـاری شـیعریی. لە قۆنـاغی دیـکەدا بەپێچەوانەشەوە شاعیرانێک پەیدا بوون بۆ گەیاندنی گوتاری شیعریی خۆیان پەنایان بردە بەر زمانی عیرفانی. لە مێژووی شیعری عەرەبیدا ڕابیعەی عەدەوی (؟ - ٨٠١ز) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە شیعری بۆ ئەوینی یەزدانی نووسیوە. (الزعیمي، ٢٠٢٢) لە مێژووی شیعری فارسیشدا

حەکیم سـەنایی غەزنەوی (١٠٨٠ – ١١٣١ز) بە یەکەم شـاعیری فـارس دادەنرێت کە بابەتە عیرفانییەکانی هێناوەتە نـاو شـیعرەوە. (فولادی، ١٣٨٣: ١٨) لەبەر ئەوەی هەوێنـــی ســـەرهەڵدانی شـــیعری کـــوردی ئەم دوو سـەرچاوەیە بـووە، بـۆیە دەتـوانین بڵێین سـەرەتای شیعری کوردی بە شیعری عیرفانی دەستی پێ کردووە. ئەڵبەتە بەدەر لە شـیعری یارسـان بە بابا تاهیری هەمەدانیشـەوە کە بەشـی هەرە زۆری بـابەتی عیرفـانین، نموونەی ئەزمـوونە سـەرەتاکانی شیعری کوردی، وەکوو شیعرەکانی پەرێشــان (١٣٥٩ – ١٤٢١ز)، شــیخ مســتەفای تەخــتە (١٥٤٤– ١٦٣٧ز)، مەلای جزیـری (١٥٧٠ – ١٦٤٠ز) شـیعری عیرفـانین. بـۆیە بەرهەمـی زۆربەی شــاعیرانی دێرینــی کــورد لە چوارچێــوەی ئەدەبــی گــۆرانی (ئەدەبی عیرفانی)دان و کە ڕووبەڕووی یـارێکی پێواری دەبینەوە. ئەم یارە زەوینی نییە و هەستی پێ ناکرێت. بەڵکوو خودایەکە کە شـاعیر کـوڵی دووری لە پەســن و لە خولیـای گەیشــتن بە ئاســتانی ئەودا؛ بە شیعر دەردەبڕێت. (ئیبراهیمی، ٢٠١١: ٨)

لە ئایین و ڕەوتێکی عیرفانیی دێرینی کوردی وەکوو یارسـاندا، (یـار) زاتــی ئافەریــدەگارە. "یارســان لە دوو وشــەی لێکدراو (یــار) و (ســان) هاتووە...لەنێو یارسانەکاندا وشەی (یار)، (سـوڵتان) واتـای (ئافرێنەر) و (خاوەنــدکار) دەدات کە هەردووکیــان ئامــاژەن بــۆ نــاوی خوداوەنــد." (هەورامی ٢٠١٣: ٦٠) لەو سـۆنگەوە بە کەسـێکی پیڕەوکـاری ئەم ئـایینەش دەڵێن (یاری). واتە لەم ئایینەدا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خـودا بـریتییە لە ئەوین و ئەمەش بەشێوەیەکی فراوان لە تێکست و هونەریاندا ڕەنگی داوەتەوە. نمــوونەی بەکارهێنــانی (یــار) کە مەبەســت لێــی زاتــی ئافەریـدەگارە، لە چەنـد دێڕێـک لە تێکسـتێکی درێـژ لەو تێکسـتانەی کە

لەگەڵ ئاوازێکی مۆسیقی عیرفانی بە ئامێری تەنبوور کە کەلامی لەگەڵدا دەخوێنرێتەوە:

یـــار دیدەکـــانی بیان ئـەو یاری     بەیۆ یـار داوود نیانش بـاری
یـــار دیدەکـــانی بنیامین ســـازە     پیر موسا سیم و داوود ئاوازە
هەی وە یـــار هەی وە یـــارەکەم     یـاری میهرەبان کەرەمدارەکەم
یار دیدەکـانی شـا مەیۆ شـا مەیۆ     پالاش وە دیدەم با بەیۆ با بەیۆ
یار دیدەکانی وەشی وەشەن وەش     بەشکەر وە دیدەم مەکەرۆ بەش
یار دیدەکـانی چ وەشەن یار مەیۆ     مزگان مزگانەن خاوەندکار مەیۆ
یـــار دیدەکـــانی حــەقیقەت دینە     حــەقیقەت جەمـــاڵ پیـر بنیامینە
عـالی قەلەندەر شـەهید ڕاگەی یـار     جـامە وە جـامە سـەردا وە ئیقـرار

(طاهری، ٢٠٠٩: ٢٢٠-٢٢٢)

جگە لە خـودی خـودا فریشـتەکانیش هەڵگری نازنـاوی (یـار)ن. بەپێی بـاوەڕی ئەم ئـایینە، هەرجارێـک خـودا لە جەسـتەی کەسـایەتییەکدا دەرکەوێت، چوار فریشتە لەگەڵی دەبن کە پێیان دەوترێت (یاران چار مەلەک). (توکلی، ١٣٨١: ٢٧). پێڕەوکارانی یارسان لە سـەرەتای زۆرێک لەو وێردانەی کە لە توقووس و نەریتە پیرۆزەکانیاندا دەیخوێننەوە، دەڵێن: ئەوەڵ و ئاخیرم یار. کە دیسانەوە مەبەست لە یار هەر زاتی خودایە.

دەبێت بپرسین بۆچی لە ڕەوتە عیرفانییەکاندا لە بری خـودا، دەتوانن (یـار) بەکـاربێنن؟ یەکێک لەو تیۆرییـانەی لەبـارەی زمـانی عیرفـانییەوە خراوەتە ڕوو، تیۆریی هێماییە. لەسەر ئەو بنەمایە "هەرچییەک لەبارەی ئەزموونەکـانی سەرووسروشـتییەوە بڵێـین، سـەر لە بـابەتی هێمـاوە دەردەکـات. هەمـوو جـۆرە شـێوازێکی دەربـڕینە کە پرسـی بەرهەسـت (محسوس) سەربخات بەسەر پرسی بەرهزر (معقول)دا. بـابەتی (ئیمـان) باوەڕ لە هـیچ ڕێگایەکی دیکەوە بەوجۆرە شیانی دەربڕین و گەیاندن

نییە. زمـانی بـاوەڕ زمـانی هێماکـانە". (فـولادی، ١٣٨٧: ١١٧) بـۆیە داهێنـانی شاعیرانی عیرفانی بنەچەی وشـە و دەربڕینەکانیان لە ڕووی واتاوە لە قـاوغەکەی دەردەهێـنن و بەرەو دەلالەتێکـی سـۆفیانەیان دەبەن. بـۆ نمـوونە هەمیشـە سـاقی بە کچێکـی جـوان دادەنرێـت، بەڵام لای ئەوان مەبەسـتە ڕووحـیەکە ئەوەنـدە زاڵ دەبێت، کە بنەمـای پەیوەنـدیی وشـە لەگەڵ چەمکەکـانی تـر بە تەواوی دەگـۆڕن. (خۆشـناو، ٢٠١٦: ١٤٣) بـۆیە پەیڤی (یار) وەکوو خوازە یان هێما لەبری خودا یان هەر کەسایەتییەکی پێوەندیـدار بە ئەوینـی عیرفـانییەوە بەکارهـاتووە. " ئەگەر زۆربەی جـار یـار لەگەڵ مەیـدا ڕەگەزی مێیینەتـی بەخـۆیەوە بەخشـی بێـت، ئەوا لە گوتاری عیرفانیدا بۆ نموونە لە شیعری مەحویدا وا هـاتووە کە جگە لە خـودا و فریشـتە، دەکرێـت پشـتیوانێک بێـت. ئەم پشـتیوانە لە فەرهەنگی کوردیانەدا دەبێتە برا. (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٤٣) چونکە بـرا هێمـای پشـتیوانییە. بـۆیە لەگەڵ ئەوەی زمـانی عیرفـانی لە بـنەڕەتەوە زمـانێکی هێمـاگەر و خوازەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک دێتە ناو شیعرەوە جارێکی دیکە هێما و خـوازە بەکـار دێنێـتەوە. بـۆیە یـار جێگـای خـودا و نـاو و سـیفەتەکانی دەگـرێتەوە. ئەم (خـوازە لەنـاو خـوازە)یەدا وا دەکـات کە وشـە لە واتـا بنجیـیەکەی چەنـدجارێک دوور بکەوێـتەوە. بـۆیە ئەمە وا دەکـات، دەق فرەڕەهەنـد بێـت و تەئویـل هەڵبگرێـت و واتـای زمـانەوانیی (تەئویـل)یش گەڕانەوەیە بۆ واتـای یەکەم. بەڵام بەکارهێنـانی ئەم خـوازانە مەرج نییە هەمیشە لەسەر واتای یەکەم یەکلا بکرێتەوە. لەم بـارەوە دکتـۆر هـێمن خۆشـناو لەبـارەی یار لە شـیعری مەحویـدا دەڵێت: یـار لە چوارچێوەی مەی و سـاقیدا خـۆی بەرجەسـتە دەکـات. بەڵام وەرگـر (خـوێنەر: بەردەنـگ) ناتوانێـت یەکلاییـان بکـاتەوە. (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٤٤) "تێکەڵکردنـی یار لە ڕووی ڕەگەزەوە دووبارە هـاتنی لەگەڵ (مەی)دا، بە جـۆرێکی تـر

سەر لە وەرگر دەشێوێنێ. جگە لەوەی کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە دارشتنی غەزەلییانە لە مێیینەبوونی یار و ئاوێتەبوون لەگەڵ مەستی و ڕەگەزەکانی مەی، چێژ بە دەق دەبەخشێ و لاسایی میراتی کلاسیکیانەی بەر لە سۆفیگەرییە. بەڵام داهێنانەکە لە ڕەگەز و گۆڕین و هەوێنی مەی و مێیینەکەدایە." (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٤٦)

سافی وەکوو موسڵمانێکی سوننە مەزهەب و سۆفییەکی قادری کە خاوەنی هزر و گیانی سۆفییانە بووە. بۆیە یار لە شیعری ئەو دەکرێت خوازە و هێما بێت بۆ خودا، پێغەمبەر، سەحابەیەک وەکوو ئەبووبەکری سدیق: (یاری ئەشکەوت)، شیخ عەبدولقادری گەیلانی و قوتبەکانی دیکەی ڕێبازەکە و مورشیدی راستەوخۆی خۆی. ئەگەرچی دکتۆر مارف دەڵێت: سافی هەوڵ دەدات خۆشەویستەکەی بخاتە ناو گێتیی سۆفیزمەوە، بەڵام نەچووەتە ناو ناخی چوارچێوەی سۆفیزم و وەکوو شێوازی ڕۆمانتیکانە و سیمبوڵییانەی جەلالەدینی ڕۆمی و مەلای جزیری و مەحوی داهێنانی نییە. بەڵکوو لە وەسف و پێناسین و لێکدانەوە و بەکارهێنانی زاراوەی سۆفیزم سەرکەوتوو بووە. (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٢٩) جارێکی دیکە دەڵێت: "ئەو ئاماژە سۆفیزمیانەی سافی ناچنە ناو داهێنانی ڕۆمانتیکی – سیمبوڵی ئەدەبی سۆفیزمەوە. بەڵکوو وەسف و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی هەندێ لە ئەدگار و سیماکانێتی." (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٣٣) ئەڵبەتە لێرەدا باسەکە ئەوە نییە کە سافی لەم جۆرە ئەدەبەدا داهێنانی کردووە یان نا، بەڵکوو دروست ئەوەیە کە شاعیر خۆی لە قەرەی ئەدەبی سۆفیزم داوە و بۆ ئەمەش پەیڤی (یار) کە خۆی زاراوەیەکی سۆفیگەرییە و هاوشێوەکانیشی وەکوو هێما و خوازە لەبری ناوی خۆشەویستەکانی بەکارهێناوە. ئەڵبەتە سافی یاری تەنها بە واتا سۆفییەکە بەکارنەهێناوە. بەڵکوو بەکارهێنانی دیکەیشی هەیە. بۆ

جیاکردنەوەی یاری عیرفانی لەوانی دیکە، خوێندنەوەی پەیڤی (یار)ە لە بەستێنی هەموو دەقەکەدا. هەروەها بەکارهێنانی زاراوە سۆفیزمییەکانە وەکوو زاراوەکانی: جیلوە، تەجەلا، خفا، جەلا، ڕەند، خەرقە، عەهد، ئەلەست، شاهـ عشق، قوتب، ئەبدالْ، باز، یاوەر، معرفەالله، وجوود، ئیسبات، نەفی، مەدهۆش، جەزبە، بەسیرەت، ئاوێنە و...هتد. (هیرانی، ٢٠١٥: ٩٧) یەکێکی تر لە پێوەرەکانی جیاکردنەوەی یاری عیرفانی لە یاری ئەدەبی، شاعیرانی عیرفانی هیچکات ئەو وەسفانە بۆ یاری عیرفانی بەکارناهێنن کە دەربڕی ناکاملْی بێت، تەنانەت ئەگەر گلەیی و سکالاّ و سەرزەنشکارانەش بەکار بێنن، ئەوە نیشانەی ناکاملْی یار نییە. یاری عیرفانی لە باوەڕی سۆفیگەریدا یارێکی کاملە. هەرجۆرە دەربڕینێکی لەوجۆرانە هەبێت کە ئاماژەمان پێ دان تەنانەت تا ئاستی کوفرئامێزیش، جۆرێکی شەتەحاتی[1] شیعرین. یار لە باوەڕ و دیدی سۆفییەکاندا کە سەروکاریان لەگەلْ ئەوینی حەقیقیدا هەیە، نموونەی بالاّ و کاملْن. هەرجۆرە دابڕان و دوورییەکیش لەم پێوەندییەدا بێتە ئاراوە، زۆربەی جار سۆفی خۆی بە تاوانبار دەزانێت. لەکاتێکدا ئەمە بۆ یاری (مەجازی) زەوینی بەوجۆرە نییە و بە پێچەوانەوە شاعیر بەپێی وڵامی یار و گۆڕانی دۆخی دەروونی، هەست و دەربڕینەکانی لە هەلْکشان و داکشان دەبن و دەگۆڕێن و بۆیە سیفاتی ناکاملْی یار لە گوتاریاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. نموونەی سیفەتی کاملْی (یاری وەفادار) کە نموونەیەکی عیرفانییە:

چونکە موددێکە لە یاری باوەفا دوورکەوتووم

قووتی شیرینم درێغا وا لە ژەهری مارییە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٦٦)

[1]-شەتەحات (شطحات): قسەی کوفرئامێزە کە سۆفی لەمیانی حالْگرتندا بە زاری دێنێت.

بەپێچەوانەوە بێوەفا وەسفێکە بۆ یاری زەوینی:

ئـەگەر دەرمـــــــان نەکا بیماری دڵ بێوەفا یــــــــارم
لە دەردی جێ دەوا گەر چاوەڕێی لوقمان نەکەم چ بکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ١٩٩)

سـافی هیرانــی هەنـدێ شــەتەحاتی شـیعریی بەکارهێنـاوە وەکـوو ئەم نموونەیە:

لەبەر مەیلی مەیی عیشقی تووە (یــــار)ی وەفــادارم
لە تەکیە و خانەقا دەرچووم، خەریکی دەیر و زیننارم
لە حوببی تۆ لەلای ئەو عــالەمە کافر بـــووم گەرچی
کە نـــازانن لە عـــەینی کوفرەوە ئیسلامییە کــــــارم (هیرانی، ٢٠١٥: ١٩٥)

## ١-١-٢-یاری عیرفانی (خودا):

بابەتی خودا وەکوو زاتێکی ئەزەلی و هەتاهەتایی و ئەفرێنەری بوون و داڕێژەری پەیامی ڕاستی بۆ مرۆڤایەتی، هاوشـان بە بـابەتی بـاوەڕ بەم زاتە، بەدرێژایـــی مێـــژوو و ڕەوڕەوەی بیرکـــردنەوەی مـــرۆڤ، مژارێکـی زۆر دوور و درێـژە. لەم مێـژووەدا وێنـای خـودا لە زەینـی مرۆڤـدا دەیـان قۆنـاغی بڕیـوە تـا گەیشـتووەتە ئەمـڕۆ. لە هەریەک لەو قۆناغـانەدا چوارچێـوەیەک بـۆ ناسـینی داڕێـژراوە و ناسـینی ئەو لە خاڵێکی جەوهەریدا پوخت کراوەتەوە. ئەو قۆناغـانەش بـریتین لە ئـاییني میتۆلۆژی، ئاییني تەشـریعی، فەلسـەفە و عیرفـان. ئـایینە ئیبراهیمییەکـان خەجـت لەسـەر یەکتـایی خـودا و یەکتاپەرسـتی دەکەنەوە. گوتـاری ئەم پەیـامە بـۆ خەڵکی گشـت، بەگشـتی ترسـاندنە لە سـزا و پەرۆشـییە بـۆ پاداشـــت. بەڵام لە قۆنـــاغی ســـەرهەڵدانی هـــزر و گیـــانی عیرفـــانی و سـۆفیگەریدا، هاوشــان بە یەکتاپەرسـتییەکە، جەوهەری ناسـینی خـودا

بریتییە لە ئەوینێکی بێسنوور و وزەیەکی گەردوونی ڕەها و ئامانجی سۆفی گەیشتن و تواندنەوەیە لە ناو ئەم ئەوین و وزەیەدا.

خـــودا لە بـــاوەڕی موســـڵمانان بە هەمـــوو مەزهەب و کـــۆمەڵە و ڕەوتەکانییەوە، ئامانجی یەکەمینە. سافی هیرانی وەکوو باوەڕدارێکی موســـڵمان لە چوارچێـــوەی بیروبـــاوەڕی ئـــایینی ئیســـلامدا خەریکـــی خوداناسـیی بـووە و هەر ئەمەش لە شـیعرەکانیدا بەرچـاو دەکەوێـت. نزیـک (٢٣) جـار پەیڤـی (خـودا، خـوا) بەکاردێنێـت کە لە حەوتیانـدا ڕاستەوخۆ سیفەتێکی خودا دەردەبڕێت: پەنابردنەبەر ئەو، چارە لای ئەوە، ئەو یەکە، چـــاوەڕوانیی بـــۆ لـــوتفی ئەو و داوای بەزەیـــی لەو. ئاماژەکانی دیکە هەموو سوێندانی کەسانی دیکەن بە خودا. لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی سافی پێڕەوکارێکی سۆفییە، ئاسایی بەر هەندێ دەربـــڕین دەکەویـــن کە لە ڕوانـــگەی شـــەریعەتخوازانەوە بە لادان دادەنرێن، وەکوو داواکاریی یارمەتی لە غەیری خودا:

ئەگەر (صافی) مـەرامت هـاتنەوەی یـــــارە بڵێ دائیم
مەدەد یا موصطەفای شامی، دەخیل یا شاهی بەغدایی (هیرانی، ٢٠١٥: ٣٠١)

یان سەرچاوەی دیکە بۆ شیفا جگە لە خودا:

(نزهەتا) سا دەردی (صافی) هەر لە دوو لا دێ شیفای
یا بە وەصـڵی ڕوویی (یـــار)ە یا بە لوطفی بـــــارییە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٦٧)

بۆ باوەڕداری بنەوانخواز ڕەنگ بێت ئاسان نەبێت و پەسند نەبێت بە خـودا بڵێـت (یـار)، بەڵام لەبەر ئەوەی سـافی هەم سـۆفی بـووە و هەم شاعیر کە هەردوو کایەکە کار لەسەر زمانی خوازە و هێما دەکەن، زۆر ئاسـایی و ئاسـانە (یـار)ی لەبـری خـودا بەکارهێنابێـت. لەو سـۆنگەوە بەپێـی لێکـدانەوەمان، چەنـد ئامـاژەیەکی (یـار) لە شـیعرەکانی سـافی

مەبەست لێی، (خودا)یە. ئەگەرچی وەکوو لە هەنبانەبۆرینەشەوە خستمانە ڕوو، لە زمانی کوردیدا وەکوو ئیدیۆم یار بۆ خوا بەکار دێت. بەڵام بە واتای یارمەتیدەر دێت نەک (مەعشوق). کە دەوترێت: خوا یار بێت. لێرەدا یار یارمەتیدەرە. ئەمەش نموونەکانی یار وەکوو خوازە بۆ خودا:

نموونەی یەکەم:

دوور لە (یار)ە دڵ، لە بۆیێ بێشەباتە (صافی)یا
تاکوو لەو سەگمەرگەدا بێ ئیختیاری وەی دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٨٠)

لەم دێڕەشیعرەدا مەبەست لە یار، خودایە. شاعیر بەهۆی دووری لە یارەوە، ناتوانێت لە یەک دۆخدا بمێنێتەوە و جێگیر ببێت. لە دووری یار، ئارەزووی خواردەوەی مەی دەکات و گوێ لە مۆسیقا دەگرێت. سەردەمێ سۆفییە و سەردەمێ خزمەتکاری مەیخانەیە. هەندێ ڕۆژان خۆشحاڵە و هەندێ شەوان مەجنوونە و دەناڵێنێت. هەندێجار زانایە و بەندەیەکی باشە، هەندێجاریش نەزانە و تاوانی زۆرە. خۆیشی نازانێت کە دڵی شێتە، بۆیە وا ئەم کارە دژبەیەکانە دەکات! بەڵام هۆکاری هەموو ئەمانە دووری یارە. یار خوازەیە بۆ خودا، خودا جێگیرە لە زات و سیفات و شاعیریش ناجێگیر. بۆ ئەوەی شاعیر بگات بە دۆخی جێگیربوون تەنها ڕێگا گەیشتنە بە یار. جۆری بەردەنگ لەم دێڕەدا بێڕوواڵەت، چونکە شاعیر ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ کردووە.

نموونەی دووەم:

سافیا کافیمە بۆ دونیا و قیامەت (یار)ی خۆم
چم لە باسی عالەمە؟ هەر زیکری ناوی ئەو دەکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠٤)

غەزەلی ئەم دێڕە شیعرە، یەکێکە لەو دەقانەی سافی کە زیاتر لە یەک جیلوەی یاری تێدا بەکارهێناوە. لە سەرەتاوە ئاماژە بە شێخی گەیلانی هەیە.

بۆ شکاری مورغی وەحشی نەک هەڵــۆ وو شاهینم
عەشقی چاوی (باز)ی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠٣)

بەڵام لە کۆتاییدا یار دەبێتە خودا کە لە دونیا و قیامەتدا هەر ئەو یارە بۆ ئەویندار بەسە، و جگە لە یادی ناوی ئەو، ئەویندار چیی داوە لە باسی جیهان. یار لێرەدا کە مەبەست خودایە لە جۆری بەردەنگی ڕوواڵەتدارە، لە ڕێگەی ئاماژە بە زیکر دەناسرێتەوە و مەبەستی شاعیر ئاشکرا دەکرێت. سافی وەکوو هەر سۆفییەک کە پێویستە زۆر یادی خودا بکات، دەبێت زۆرجار بەشداری کۆڕی زیکری کردبێت و هەر ئەو زیکرە بە دەستبەری هەردوو دونیای زانیوە. ئەگەر یار وەکوو خوازە بۆ کەسانی دیکەش بەکار بێت، بەڵام کە باسی دوائامانجی دونیا و قیامەت بێتە ئاراوە، بێگومان بۆ هەموو باوەڕدارێک بە سۆفیشەوە تەنها خودایە. بەردەنگ لەم دێڕەشیعرەدا جۆری پێواری و بێڕوواڵەتە. شاعیر ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە بەڵکوو لە ڕێگەی باسی پێویستیی خۆی بۆ خودا لە هەردوو دنیا و ئاماژە بە زیکر کە تایبەتە بە باوەڕدار مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

نموونەی سێیەم:

ئەی بادی سەبا هەستە لە حاڵم بەوە هوشـــیار
شەرحی دڵی ماتەمزەدەکەی من بەرە بۆ (یـــار) (هیرانی، ٢٠١٥: ١٨٨)

لە دێڕێکی دیکەی هەمان شیعردا دەڵێت:

کاشـانەی لاهــوت بـــود لایق آن کس

مال و سر و جانش که نهاده به ره (یار)

لەم دێڕەشیعرەدا یار خوازەیە بۆخودا و شاعیر داوا لە سروەی سپێدە دەکات، ڕەوشی دڵی ئەم ببات بۆ لای یار. شاعیر ئەوە دەزانێت کە شەرحی دڵ بۆ خودا پێویستی بە نێوندگیری نییە. چونکە خودا زۆر نزیکە (**وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ**) (سوورەتی ق، ئایەتی ١٦)، بەڵام لەبەر ئەوەی ماتەمێکی وا لە دڵی داوە، تا ئاستی مردن و توانای وتنی ڕاستەوخۆی لێ سەندووەتەوە. هەروەها نایەوێت نایەوێت ئەزمموونی ئەیوبی پێغەمبەر دووبارە بکاتەوە کە، لەوپەڕی نەخۆشیدا دیسانەوە نەیدەویست داوای چارەسەر لە خودا بکات؛ چونکە پێیوابوو خودا خۆی ئاگادارە. لەبەر ئەوەی سپێدە بە پێچەوانەی دڵی مردووی شاعیرەوە، بوونێکی زیندووە و لە ڕوانگە قورئانییەکەوە؛ هەناسە دەدات: (**وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ**) (سوورەتی تکویر، ئایەتی ١٨). بۆیە شاعیر بە ناچاری پەنای بردووەتە بەر تاکوو ئەرکی زمانی بۆ بگێڕێت. ئەوەی زیاتر ئەم لێکدانەوەیە بۆ یار کە مەبەست لێی خودایە، پشتڕاست دەکاتەوە، ئەو دێڕە فارسییەکە کە دیسانەوە زاراوەی (یار)ی تێدا هاتووە. ئەوەش لە ڕێگەی زاراوەی (لاهوت)ەوە. شاعیر دەڵێت هێلانەی لاهوت شایستەی ئەوە کەسەیە کە ماڵ و سەر و گیانی لە ڕێی یاردا داناوە. لاهوت جیهانی تایبەت بە خودایە. کەواتە هێلانەکردن لەم جیهانەدا واتە گەیشتنە بە خودا. ڕێگای گەیشتن بە خودا دانانی ماڵ و سەر و گیانە لەڕێی ئەودا. هەر وەکوو ئەوەی ئەوەی حەللاج کردی. بەردەنگ لەم شیعرەدا جۆری پێواری و بیرووباڵەتە کە خودایە و شاعیر لە ڕێگەی زاراوەی لاهوت و گیانبەخشین بۆ گەیشتن بە لاهوت مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

### ٢-١-٢-یاری عیرفانی (پێغەمبەر):

بابەتی پێغەمبەرایەتی لە مێژووودا بە پلە دوو لە دوای بابەتی خوداوە دێت. بەڵام لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە بەتایبەتی ئایینە ئیبراهیمییەکان، خودا لە چەند سەردەم و شوێنێکی جیاوازدا کەسێک یان چەند کەسێکی لە ڕێگەی سروشەوە وەکوو پێغەمبەر بۆ ڕێنمایی خەڵکی هەڵبژاردووە، تا بێنە سەر ڕێگەی ڕاستی پەیامی خودایی. بۆیە پێغەمبەر و باوەڕ بە پێغەمبەرایەتی هەڵقەیەکی گەورەی نێوان مرۆڤ و خودایە لە خوداناسی و خوداپەرستیدا. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد کوڕی عەبدوڵا (٥٧١ – ٦٣٢ز) دوا پێغەمبەری خودایە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە بیروباوەڕی چەوت. ئەگەرچی پێغەمبەر هاوشێوەی خودی خودا لە چوارچێوەی بیروباوەڕی ئایینەکەدا ناسێنراوە، بەڵام جارێکی دیکە لە قۆناغی سەرهەڵدانی عیرفاندا ناسینی جەوهەری پێغەمبەر داڕێژراوە کە سەرەکیترینیان بریتییە لە (حەقیقەتی موحەمەدی). لە شیعری سافیدا ئەگەرچی بەگشتی خۆی لە قەرەی شیعری نەعت و موناجات نەداوە، بەڵام هەم ئاماژەی ڕاستەوخۆی ئایینی هەیە بۆ پێغەمبەر هەمیش ناڕاستەوخۆی عیرفانی کە بە (یار) ئاماژەی پێ داوە. سەبارەت بە ئاماژەی ڕاستەخۆ بۆ پەیڤی (پێغەمبەر، ڕەسووڵ، نەبی، موحەممەد) نییە. بەڵام بە تێهەڵکێشکردنی ئایەت و ئاماژە و دروشمییە ئایینییەکان پەسنی پێغەمبەر دەکات، وەکوو:

ڕازی "لي وقت مع الله" خاصی تۆیە ئەی حەبیب

عاصیان بۆیە ئومێدی حەشر و میزانی تووە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٧٥)

سافی هەر ئەو وەسفانەی بۆ یاری زەوینی بەکاردێت، بۆ پێغەمبەریشی بەکارهێناوە. هەر ئەم غەزەلە کە بەوجۆرە دەست پێ دەکات:

قەددی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی تووە
بـــاغی ســـێو و خـــۆخ ئەگەر بـــێ نەوگوڵستانی تووە
زینەتی غیلمان و حـــۆری حوسنی تـــــۆیە دڵـــــبەرم
جـــەنەتولمەئوا ئەگەر بـــــێ تـــــاقی ئـــــەیوانی تووە

لە دیوانی سافیدا شیعری ئەوتۆ هەن کە ڕوون دیارە بۆ پێغەمبەری نووسیون. ئەمەش لە بەستێنی دەقەکە و بەکارهێنانی ئاماژە ئاشکرا و خوازە و هێما باوەکانەوە دەردەکەوێت، وەکوو نموونەی سەرەوە. بەڵام ئاماژەی یار وەکوو خوازە بۆ پێغەمبەر بە ئاسانی نادۆزرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی لێکدانەوەی ئێمە نموونەی وا هەیە و لێرەدا ئەم دوو نموونەیە دەخەینەوە ڕوو: نموونەی یەکەم:

(یار) لەبەر نـازی جوانی مـــامزئاســـا ڕەم دەکا
یـــا لە نـــاڵەی عاشقانە ڕوو لە عـــالەم کەم دەکا
لەعـــلی لێوی شـــاهیدە موڵکی دڵم خاصـی ئـــەوە
حەقیە گەر بەو خاتەمە دەعوایی جامی جەم دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٧٠)

لەم دێڕەشیعرەدا یار خوازەیە بۆ پێغەمبەری ئیسلام. ئەگەرچی وەسفەکان هەمان وەسفن بۆ یاری مەجازی. بەڵام هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێ درا، سافی وەسفی لەو جۆرەی بۆ پێغەمبەر بەکارهێناوە. ئەوەی لێکدانەوەکە بەهێز دەکات، پەیڤی (خاتەم)ـە. خاتەم لێرەدا بەهەرسێ واتای: مۆر، ئەنگوستیلە، کۆتایی پاڵپشتی لە لێکدانەوەکە دەکەن. پێغەمبەری ئیسلام، هەڵگری مۆری پێغەمبەرایەتی بووە. وەکوو لە ژیاننامەیدا هاتووە کە مۆری پێغەمبەرایەتی لەسەر شانی بووە. هەروەها ئەنگوستیلەی تایبەت بە خۆی هەبووە کە لەسەری نووسراوە (محمد رسول الله). وەکوو لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە: "يقول البخاري عن أنس ابن مالك، إن النبي صلى الله عليه وسلم حينما أراد الكتابة إلى الروم قيل

لە: "إنهم لن يقرأوا كتابک إذا لم يكن مختوما، فاتخذ خاتما من فضة ونقشه: محمد رسول الله." (صحيح البخاری، ژمارە: ٢٩٣٨). هەروەها دوا پێغەمبەرە کە خودا ڕەوانەی کردووە بۆ ڕێنمایی خەڵکی، وەکوو لە قورئاندا هاتووە: (مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا) (سوورەتی احزاب، ئایەی ٤٠). شاعیر بە سروش وەرگرتن لە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە کە بە لەدایکبوونی تاقی کیسرا درزی تێ دەکەوێت، باسی جەنگی خاتەم دەکات بەرانبەر بە جامی جەم.[٢] بەردەنگ لەم شیعرەدا ئەگەرچی مرۆڤە کە پێغەمبەری ئیسلامە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دیدی باوەڕی ئاییینی ئیسلامەوە ڕووحی پێغەمبەر ئاگادارە بە هەندێ کرداری موسڵمانانەوە وەکوو سەڵەوات لێدان، بۆیە دەکرێت بڵێین بەردەنگێکی پێوارییە و بێڕووواڵەتە، چونکە شاعیر لە ڕێگەی نازناوی (خاتەم)ەوە مەبەستەکەی دەگەیەنێت. نموونەی دووەم:

گەرچی لە نەقصی خۆمە بێئیلتیفاتی (یار)م
ئەمما لە قاپی ڕەحمەت عاصی کەی دەرکراوە
هەرچەند عیجز و مەرارەت هەمووم دیتن لە هیجران
ئومێد وایە لەلای (یار) کە بەس بی لەمەولاوە
(صافی) لەبەر دەرگانەت کەوتە سەر خاکی زیللەت
چاوەڕێی لوطفی تۆیە، جانا لە ڕێی خوداوە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٤٩)

لەم دێڕەشیعرەدا یار خوازەیە بۆ پێغەمبەری ئیسلام. شاعیر دەڵێت: یار سەرنج ناداتە من. ئەمەش بەهۆی کەمایەسیی خۆمەوەیە. بەڵام لە دەرگای میهرەبانی هیچ سەرپێچیکارێک دەرنەکراوە. لەم شیعرەدا (ڕەحمەت) پاڵپشتی لێکدانەوەکە دەکات کە یار بریتییە لە پێغەمبەر.

---

٢٧-جامی جەم: بریتییە لە جامێکی زێڕین کە جەمشید پاشای ئەفسانەیی داهاتووی تێدا بینیوە.

چونکە شاعیر ڕەحمەتیشی وەکوو خوازە بۆ پێغەمبەر بەکارهێناوە کە خـودا لە قورئانـدا بەوجـۆرە پەسـنی دەکـات: (أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) (سـوورەتی انبیـاء، ئـایەتی ١٠٧) بەردەنـگ لەم شـیعرەکەدا پێـواری و بێـڕووواڵەتە. شـاعیر ناڕاسـتەوخۆ لە ڕێـگەی پەیڤـی (ڕەحـمەت)ەوە مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

نموونەی سێیەم:

ئەگەر فەخر بکا (یار)م لەسەر عـالەمی باڵا

لێی دێ کە شەهنشاهێکە بێ ئەووەڵ و ثانی (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٩٣)

سـیفەتەکانی ئەم یـارەی سـافی: کە سەرمەشـقی جەمـالییەکەی گەواهیـدەرە ئەو بـۆ دەسـەڵاتی خـودا، پەرجووەکـانی زاری ئەو سەلمێنەری ڕۆشنایی خودان و ڕۆشنایی تەوێڵی بەسە بۆ ڕێگری لە خەم و هتد هەمان ئەو سیفەتانەدا یەک دەگرنەوە کە شاعیرانی سۆفی لە وەسفی پێغەمبەردا بەکاریان دێنن، بەتایبەتی لە ڕوانگەی تیۆریی حەقیقەتی موحەمەدییەوە. جگە لەوەی لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا پێغەمبەر هەمیشە بە (فخر الکائنات) پەسن دەکرێت.

### ٣-١-٢-یاری عیرفانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی):

شێخ عەبدولقادر گەیلانی ناوی محێدین ئەبوموحەممەد کوڕی ئەبی ساڵح زەنگی دۆست یان جەنگی دۆست ناسرا بە (غوث گیلانی) (١٠٧٨ – ١١٦٦ز) دامەزرێنەری تەریقەتی قادری لە شاری بەغدا، یەکێکە لە گەورەترین جەمسەرەکانی فەیز و خۆشەویستی لە لایەن پێڕەوان و موریدان و مەنسوبانی ئەم تەریقەتەوە. تەریقەتی قادری لەسەر دەستی (سەیید ئیسماعیلی قازانقایی -ولیانی-) لە سەدەی ١٧ز هاتووەتە کوردستان و زۆربەی دەڤەرە سوننەکانی کوردستانی تەنیوە. (توکلی،

١٣٨١: ١٥٦) بنەماڵەی سافی هیرانی لە سەردەمی (شێخ سولەیمانی هیرانی) ناسراو بە (میری سۆرە) (١٧٢٠ – ١٧٩٠ز)[٣] کە لەسەر دەستی شێخ تەهای کوردی تەریقەتی وەرگرتووە، خاوەنی تەکیەی سەربە تەریقەتی قادرین و تاکوو ئێستا پشتاوپشت بەرودەوامن. (مەستی و هانا کاکی هیرانی، ٢٠٢٢: ١٦) بۆیە سافی وەکوو میراتگری ئەو بنەماڵەیە و جێنشین لەو تەکیەدا، خۆشەویستییەکی لەڕادەبەری بۆ شێخی گەیلانی هەبووە. شیعرەکانی گەواهی ئەم بانگەشەیە دەدەن. دەیان جار ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە ناو نازناوەکانی وەک (باز) کە (بازی ئەشهەب) نازناوی شێخ بووە، خۆشەویستیی خۆی دەربڕیوە. ئەمەش چەند نموونەیەک بۆ ئەو ئاماژە ڕاستەوخۆیانە:

لە شیعری سافیدا یادی شێخ عەبدولقادری گەیلانی زۆر هاتووە:

مەتافی سالیکان و ڕەهنوما وو کەعبەیی عوشاق

دەر بازی خودا، کانی وەفا، سوڵتانی گەیلانی (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٨٧)

یان:

وەکوو سافی هیران فیدای شاهی گەیلان

منی مەفتوون، منی مەحزوون عەزیزم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢١٧)

یان:

ئەی شاهی لە هیرانی، مەئذوونی لە گەیلانی

حەقەن تۆ سولەیمانی، دەردم تۆ دەواییێکە (هیرانی، ٢٠١٥: ٣٠٨)

شێخ عەبدولقادری گەیلانی یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە بە (یار) وەکوو بەردەنگ لە شیعری سافیدا هاتووە. لێرەدا سێ نموونەی لێ دەخەینەوە ڕوو:

---

[3]-بۆچوون وایە شێخ سولەیمان لە نێوان ساڵانی ١٧٢٠ تا ١٧٢٥ز لەدایکبووە

نموونەی یەکەم:

ئومێدی زۆر هەیە (سافی) نەجاتی بێ لە غەم چونکە

دەلیل مەولا و ئەحمەد یاوەر و (یار) بازی (گەیلان)یە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣٩)

لەم دێڕەشیعرەدا شاعیر بە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ یار دەناسێنێت کە بازی گەیلانییە واتە شێخ عەبدولقادری گەیلانی. جۆری بەردەنگ لێرەدا بریتییە لە جۆری ڕووواڵەتدار. چونکە شاعیر ئاماژە بە (باز) و (گەیلان) کردووە وەکوو نازناوەکانی شێخ عەبدولقادر. لەم دێڕەدا زنجیرەی جەمسەرەکانی ئەوینی سافی هاتووە کە (مەولا: خودا)، (ئەحمەد: پێغەمبەر) و (باز: شێخی گەیلانی)ن. هەر ئەو ریزبەندییەیە ئێمە لە پەیڤی یاردا بەدوایاندا دەگەڕێین.

نموونەی دووەم:

طەیری دڵ لەم ناوە دەرناچێت و ئەو حەددی چییە

چونکە (یار)م (باز)ێکە نەخچیری سەد شاهین دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٤)

لەم دێرەشیعرەدا یار شێخی گەیلانییە. شاعیر لە ڕێگای بەکارهێنانی (باز) وەکوو باسمان کرد، کە نازناوی شێخی گەیلانییە، ئاماژەی بە شێخ کردووە. جۆری بەردەنگیش ڕووواڵەتدارە، چونکە باز هێمایە بۆ شێخ و کۆدی ناسینەوەی کەسایەتیی یارە.

نموونەی سێیەم:

ئەوا طابووری غەم ئامادە بوو بۆ سەر دڵی مەحزوون

ئومێدی عەیش و شادیم چوو فیراقی (یار) قوماندارە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٢٨)

لە دێڕی کۆتایی دەڵێت:

وەرە (صافی) بکە تەرکی هەوای دونیای هیچوپووچ

بە ئیخلاس روو لە (بەغدا) کە مەڵێ بەختم نیگونسارە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٢٨)

لەم دێڕی یەکەمدا یار دیسانەوە شێخی گەیلانییە. شاعیر باس لە دووری و فیراقی یار دەکات. ئەم دوورییە شاعیری تووشی پەرێشانییەکی بێسنوور کردووە. تەنها ڕێگە چارەش ڕۆیشتنە بۆ خزمەتی یار لە شاری بەغداد. بەغداد لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئارامگەی شێخی گەیلانی و شاعیر لە ڕێگەی پەیڤی (بەغدا)ەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە یاری قوماندار شێخی گەیلانییە.

**٤-١-٢-یاری عیرفانی (مورشید):**

مورشیدی سافی هیرانی باوکی خۆی بووە، واتە کاک عەبدوڵڵای (ثانی: سانی) (١٨٣٠ – ١٩٠٧ز). سافی لە سەرەتای خوێندنی لای باوکی دەستی پێ کردووە. لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا کاتێک باوکی کۆچی دوایی دەکات، سافی دەبێتە جێنیشنی باوکی لە تەکیەی بنەماڵەی هیرانی کە لە زنجیرەی شێخانی بنەماڵەکە شەشەم شێخی زنجیرەکەیە. (مەستی و هانا کاکی هیرانی، ٢٠٢٢: ٢٦) سافی هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ (یار) نییە کە مەبەست مورشید بێت کە باوکیتی. تەنها ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی هەیە کە سروش وەرگرتن لە غەزەلێکی حافیزی شیرازی (١٣١٥ – ١٣٩٥ز)یەوە، ئاماژە بە ڕێبەری ڕێبازی سۆفیگەریی خۆی دەکات، بەوەی ئامۆژگاریی لاوان دەکات دەبێت بەبێ بوونی دەلیل نابێت هەنگاو هەڵگرن.

حافیزی شیرازی دەڵێت:

نصیحت گوش کن جانا، که از جان دوستتر دارند
جوانان سعادتمند پند پیر دانا را (شیرازی، ١٣٨٠: ٦)

سافی هیرانیش دەڵێت:

بێ (یار) و دەلیل پا مەنێ ڕێی عەشقی جەوانان
چەند سەر لەسەر ئەم ڕێگە لە سێدارە درایە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٦٠)

ئەڵبەتە ئەم ئاماژەیە ڕاستەوخۆ ئاماژە نییە بۆ مورشیدی خۆی کە باوکی بووە. بەڵام شاعیر مەبەستی لە یار و دەلیل، مورشیدە واتە ڕێبەری ڕووحی هەر موریدێک کە دەستی بگرێت و ڕێگای پیشان بدات تا بتوانێت مەقام و حاڵەکان ببڕێت و بگاتە جێی مەبەست. جۆری بەردەنگەکەش بێڕوواڵەتە.

**٢-٢-یاری ئەدەبی:**

لەم جۆرە بەردەنگەدا یار نە بوونێکی میتافیزیکانەی پیرۆز چی نادیار یان دیاری هەیە و نە بوونێکی جەستەییانەی وەکوو مرۆڤێک هەیە. ئەگەرچی هەڵگری هەموو سیفاتێکی مرۆڤانەیە بە ناسنامەی ڕەگەزی مێیینەوە، بەڵام تەواو زادەی خەیاڵی شاعیرە و ئەفرێندراوی هێزی فەنتازیی شاعیرە کە لە دەقدا ڕەنگرێژی دەکات. ئامانج لەم پرۆسەی ئەفراندنە تەنها ئەزموونگەری و تاقیکاریی توانای شاعیرە لە سەلماندنی توانای شیعری و ئەدەبیی خۆی. لە بەرهەمی شاعیری کلاسیکی کوردیدا یار لە چەشنە ئەدەبییەکەیدا جێگایەکی زۆری پڕکردووەتەوە. دەتوانین وەکوو بەڵگەیەکی بەهێز ئاماژە بە هەڵگەڕانەوەی ژمارەیەک شاعیر بکەین لە باسی یار و جوانییەکانییەوە، ڕوویان کردووەتە گوتاری دیکەی شیعریی، بەتایبەتی نەتەوایەتی؛ نموونەی دیار حاجی قادری کۆیی و ئەسیری.ئەمانە نەک تەنها وازیان هێناوە، بەڵکوو بانگەشەی وازهێنانی شاعیرانیان کردووە لە باسی نەبڕاوەی خەت و خاڵ بخەینە ڕوو.

ئایا لای شاعیرانی سۆفیگەریش یارێکی خەیاڵی تەنا هەوێنی وەگەڕخستن و نواندنی توانای ئەدەبییە؟ بەدڵنیاییەوە تەنها ئەوە نییە. یاری خەیاڵی بە ناسنامەی ڕەگەزی مێیینەوە کە خودانی جوانیی ڕوخسار و دیمەنە، هاوشان لەگەڵ جوانیی دیکە وەکوو جوانی

سرووشت و بۆنی خۆش و دەنگی ئامێری مۆسیقی و...هتد لای سۆفییەکان سەرچاوەی جوانین و جێگەی سەرنجێکی زۆر بووە و بەرەو جوانی و خۆشەویستی پەلکێشی کردوون و ئەم دیاردە ڕواڵەتیانەشیان وەکوو ڕەمزێک بۆ ئەو جوانییە بێسنوورەی خولقێنەری جوانی بەکارهێناوە. سوفییەکان بڕوایان وا بووە کە خۆشویستنی ڕوخسار و دیمەنی جوان هەنگاوێکە بەرەو خۆشەویستیی جوانیی ڕەها. (چالی، ۲۰۰۸: ۲۰۷)

هەروەک دکتۆر ئەحمەدی مەلا لەسەر ئەم سەرچاوەیە لە شیعری مەحویدا باسی کردووە، تا ئاستێک سافی هیرانیش دەگرێتەوە کە کاتێک باس لە وەسفی مەعشوق (یار) دەکرێت، سەرچاوەکانی زۆرن. ئەم سەرچاوانەش یەک لەسەر ئەوی تر کۆنابنەوە، بەڵکوو ئاوێتەی یەکتر دەبن و یەک ئەوی تر تەواو دەکات. هەر سەرچاوەیەک بەشێکی پەنهان دەنەخشێنێ. (مەلا، ۲۰۱۳: ۲۷) وێنەی ئەم یارە کە پێشتر ئاماژەی پێ دراوە، کە لە جەستەی ژندا وێنا کراوە، وێنەیەکی پارچەپارچەیە و هەر ئەندامێکی دەبێت بە بەشێک لە کەشی هێمایی و زەینی و ئیستاتیکی. بۆیە دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت: خوێندنەوەی ڕەمزی و خوێندنەوەی ئیستاتیکی. کاتێک باس لە یار دەکرێت، باس لە توخمێکی واقیعی ناکرێت، بەڵکوو هەمیشە باسکردن و وەسفکردنی ئەو جەستەیە بەرەو وەین و خەیاڵ دەمانبات. (مەلا، ۲۰۱۳، ۲۸)

لەشیعری سافیدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەر یاری خەیاڵی دەکەین کە لێرەدا پێی دەڵێین یاری ئەدەبی. لەم بارەوە دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: "شاعیر یارێکی دیاری کراوی نییە، هەردوو سیفەتی ژن و پیاو لە دڵدارەکەیدا بەرچاوە". (خەزنەدار، ۲۰۰۵: ۳۲۹) بەڵام یاری ئەدەبی لە سیفەتدا بەزۆری هەڵگری ڕەگەزی مێیینانەیە. هەروەک باس کرا

زۆرجار یاری عیرفانیش بە هەمان زمان وەسف دەکرێت. بەڵام یاری عیرفـانی لە بەسـتێنی دەقەدا دەردەکەوێـت کە لە کـام جـۆرە. بـۆیە بەشـێکی زۆری یـاری ئەدەبـی لە شـیعری سـافیدا هەڵگـری ناسـنامەی ڕەگەزی مێیینـەیە. دکتـۆر خەزنەدار بـابەتە شـیعرییەکان بـۆ یـار (لە جۆری ئەدەبی) دیاری دەکات کە ئەمانەن: وێنەکانی یار لای شاعیر. ڕووو وەرگێڕانی یار لە دڵدار، دوورکەوتنەوەی یار لە دڵدار، یار نازانێ نزیکبـوونەوەی لە دڵـدار ڕوونـاکییە بـۆی و بینینـی یـار یـان جیلـوەی کردگـار وا هۆشـی شـاعیری بەنـج کـردووە کە دەمـێ بێـدار و دەمـێ هۆشیارە. ئەگەر هەمووکات یار لە شاعیر زیز نەبێت لێی دوور نەبێت، وێنەی شیعری و هەست و نەستی ناوەوەی لەکوێ بێنێت! هەمیشە بیر لەو دەکاتەوە. ناوی ئەندامانی لەشی دەبات، وەکوو زوڵف بەڵام وەسفی ناکات. (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٣٢) ئامانج لەم وێناکردنی ئەم یارە لای سافی و شـاعیرانی دیکەش وەکـوو سـەرچاوەی جوانی و پاشـان خوشویسـتن، جگە لە مەشق و تاقیکردنەوەی توانـای ئەدەبی یان مەشقی ئەویـنداری لە مەجازییەوە بۆ حەقیقی، لە ڕوانگەی ئەفلاتوونیەوە دەشێت گەڕانێک بێت بە دوای تاکی بزربووی مرۆڤ کە لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا هاتووە.

### ١-٢-٢-گفتوگۆ لەگەڵ یاردا:

یەکێک لە شـێوازەکانی شـاعیر لە بەردەنگکردنـی یـار، گفتوگـۆیە. واتە شاعیر لە شیعرەکەیدا گفتوگـۆیەکی دوولایەنە لەگەڵ یـاردا سـاز دەکـات و قسە دەخاتە سەر زاری یار. ئەمە "پێی دەگوترێت گفتوگۆی دەرەکی، جـۆرە شـێوازێکە تێیـدا دەنگـی چەنـد کەسـێک دەردەکەوێـت، کە چەنـد بابەتێک لەخۆدەگرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. کە زۆرتر لە شیعری کلاسیکیدا هەیە. تێیدا شاعیر لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکەوێتە گفتوگۆ و ئاخاوتن زیاتر لە ڕێگەی (وتی، وتم، پرسیاری کرد،

ولاَمـی دامەوە، فەرمـووی، ئەمـری کرد..هتـد)" دەردەکەوێـت. (حمـد، ٢٠١٨: ٢٤٤) گفتوگـۆ لە شـیعری مەحویـدا زۆرە، شـیعری ئەوتـۆی هەیە، تـا ئاستێک سەرتاپای شیعرەکە گفتوگۆیە. ئەمەش نموونەیەک لە گفتوگۆی مەحوی و یار:

کە دیم ئالۆزە چاوی، زوو وتم: ئەم فیتنە هەڵبەستە

وتـی: جـاران ئەتـۆ دەتـوت بە مـن: کەم فیتـنە هەڵبەسـتە (مـودەڕڕیس و مەلا کەریم، ١٣٨٧: ٣٠٩)

سافیش ئاماژەی وای هەیە یاری هێناوەتە یاخاوتن و گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە:

نیگار فەرمووی لە عەشقی خۆمە (سافی)م کوشتبوو ئەمما

موحەبیەر مـــام چ سـەگمەرگێکە ئێستێکەش دەڵێن مـــاوە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٤١)

## ٢-٢-٢-نامەشیعری:

جۆرێکی دیکەی گفتوگۆی شیعری هەیە کە لە ڕاستیدا نامەیە و دوو شـاعیر دڵـدار و یـار بە شـیعر گفتوگـۆ دەکەن. لەم جـۆرەدا یـار زادەی خەیاڵ و بەردەنگی ناو دەق نییە، بەڵکوو ئەویش بۆ خۆی شـاعیرێکە. واتە گفتوگۆی نێوان دوو مرۆڤە. وەکوو نامەشـیعریی نێـوان (زەلیلـی) و یارەکەی، یـان نامەشـیعریی نێـوان حەسـەن هەمەوەنـد و فەقـێ ئامینەی یـاری. حەسـەن و ئـامینە دوو شـاعیری کـوردن لە مـاوەی ڕۆژگـارانی نیوەی دووەمـی سـەدەی ١٩ و سـەرەتای سـەدەی ٢٠ی زایینـی ژیـاون. یەکتریـان خۆشویسـتووە. گیـانی ئەڤینیـان زەوینـی و ڕیـالیزمی بـووە. دوور لە ئاسـمان و خەیـاڵی دەروێشـی. حەسـەن لەلایەن دەسـەڵاتی عوسمانییەوە لە شاری موسڵ دەخرێتە زیندانـدەوە. لە مـاوەی زیندانیدا نامەشیعرییەک بۆ یارەکەی دەنێرێت:

سەلامی من لە سەر تۆ بێ بە سەد نەوع و بە سەد عینوان
فـــــەقێ ئامینە سووتاوم لە دووری تۆ بە سەد قـــورئان
فەقێ ئامینەش لە وڵامدا دەڵێت:
سەلامی یـــــاری ئاوارە لە بەندی تـــۆقی سوڵتانی
بە دەستی من گەیی قوربان لە وەختی دڵپەریشانی (پیربال،٢٠٢١: ٥١)

### ٣-٢-٢-نموونە شیعرییەکانی یاری ئەدەبی:

نموونەی یەکەم:
زۆر بەئازارە دڵی زارم لەبەر هیجرانی (یار)
ناحەقە ئەو عـالەمە لـــەو زارە بێزاری دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٧٦)

دکتـۆر خەزنەدار لە ڕاڤەی ئەم شـیعرەدا دەڵێـت: ئەم یـارەی شـاعیر هەیـولاییێکی نادیـارە و بـێ ناسـنامەیە. لە بەشـی یەکەمـی غەزەلەکەدا شاعیر پەریشانە لەبەر دووری ئەو یارە. گریـان و فرمێسکی خوێنینی، دووکەڵی ئاهـ و هەناسـەی، ئاسمان دەکا بە تاریکستان. (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٣٠)

نموونەی دووەم:
لەبـــــەر مەیلی مەیی عیشقی تووە یـاری وەفـــادارم
لە تەکیە و خانەقا دەرچووم خەریکی دەیر و زیننارم (هیرانی، ٢٠١٥: ١٩٤)

دووری یـار سـەرچاوەی ئیلهـامی شـاعیر. شـاعیر دڵـداری دەکـات بە بەهـانە لە پێنـاوی عشـقی یار. لە شیعرەکەدا ئامـاژەی هەیە بۆ دڵـداری خوسـرەوی پەروێـز و شـێخی سـەنعان. ئەمـانە کەوتبـوونە نـاو داوی دڵداریی کچە مەسیحییەوە. (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٣٢)

نموونەی سێیەم:
دڵم پەژموورەدەیە ئێستێ دەخیل موتریب سەدایێ بێ
لە دەس هیجرای (یار)م نیونەفەس مـاوە وەفایێ بێ (هیرانی، ٢٩١٥: ٢٨٠)

ئەم نموونەیەش هاوشێوەی زۆربەی نموونەکان سکاڵا و دەردەدڵە لە دووری یار. ئەوەی شیاوی باسکردنەوە، کە ئەم یارە ئەدەبییە لەبەر خوازەبوونی پەیڤی (یار) جگە لەوەی یارێکی خەیاڵی دەگرێتەوە، بەڵام لە مەبەستدا لەنێوان ئاسمانی یاری عیرفانی و زەوینی یاری مرۆییدا هەڵواسراو ماوەتەوە. نە ئاماژەی وای عیرفانی وای تێدایە خەیاڵی خوێنەر بەرەو ئاسمان ببات و سێبەری زەوینی نەبینێت. نە ئاماژەی مرۆیی وای تێدایە پێی خوێنەر لە سەر زەوی جێگیر بکات. ئەوەی خوێنەر یەکلایی دەکاتەوە خوێندنەوە عیرفانییەکەدا قووڵبوونەوەی شاعیرە لە تیۆریی و پرسە عیرفانییەکاندا. هەروەها ئەوەی خوێنەر یەکلایی دەکاتەوە لە خوێندنەوە مرۆییەکەدا وەسف و سەرنجی شاعیرە لە سەر ناوەندی جەستە بە خوارەوەی یار. وەکوو دەڵێت: "جەستەی یار (ژن) لە ناوەند بەسەرەوە خودا ئەفراندوویەتی و بە خوارەوە شەیتان." کەواتە بۆ یەکلایی بوونەوە ئەوە پاشخان و چەشەی خوێنەرە دوابڕیار بدات.

### ٣-٢-یاری مرۆیی

مەبەست لە یاری مرۆیی، خۆشەوسیتێکە لە ڕەگەزی مێ (کچێک، گراوی، دەستگیران، هاوسەر) بە زمانی سۆفییەکان یاری مەجازی. لەدوای کۆنترین شیعر کە ستایشی ئایینییە. ئەم شیعرە هی سەردەمی سۆمەرییە خاتوونی شاعیر ئینهدوانا بۆ (ئینانا) ژنەخواوەندی گەورەتین دڵ نووسیوەتەوە. واتە خوداوەندێکی کردووەتەوە بەردەنگ؛ یار وەکوو بەردەنگ و هەڵگری ناسنامە و سیفەتی مێیینە، لە کۆنترین شیعری گەلاندا بەدی دەکرێت و شیعری ئەویندارانە پانتایەکیی فراوانی داگیرکرتووە. ئەو شیعرەی بۆ یاری مرۆیی دەگوترێت بریتییە لە سێ جۆر:

### ١-٣-٢- لیریک:

بـریتییە لەو شـیعرەی کە وەسـفی جەزبەی دوو کەس (ئـاخێوەر بـۆ بەردەنـگ) لە ڕووی کـات و کـردارەوە لێـک دوور بـن، ئەوا دەربڕینـی دوودڵانەی ئاخێوەر لە نیوان هـزر و جەستەدا بـریتییە لە لیریـک. (باران، ٢٠١٠)

### ٢-٣-٢- ئیرۆتیک:

ئەگەر وەسـفی شـێوازی جەزبەی دوو کەسـەکە لە ڕووی کـات و کردارەوە لێک نزیک بن، بریتییە لە ئیرۆتیک. (باران، ٢٠١٠)

### ٣-٣-٢- پۆڕنۆگرافیک:

ئەگەر وەسفی شیوازی جەزبەی دوو کەس لە ڕووی کات و کردارەوە لە دۆخـی ئـاوێزانبوون بـن، ئەوا ئەوا بـریتییە لە پۆڕنۆگرافیـک. (بـاران، ٢٠١٠) ئاسـتی هـونەریی لیریـک لە هەردوو جـۆرەکەی تـر بەرزتـرە و ئاسـتی هـونەریی پۆڕنۆگرافیک لە دوو جـۆرەکەی تـر نزمتـرە کە تەنهـا کار لەسەر ورووژاندنی سێکسی دەکات.

### ٤-٣-٢-دیاریکردنی یاری مرۆیی:

لەم بەشـەدا مەبەسـت لە (یـار) وەکـوو بەردەنگـی شـیعری، دروسـت ئەفڕاندنی دەقەکەیە بۆ یـارێکی دیـاریکراو لە ڕەگەزی مێدا. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئامـاژە بەوە هەیە کە شـاعیرانێک لە ژیـانی خۆیانـدا بە ئەزمـوونی ئەوینـداریی مرۆیـی تێپەڕیـون و پاشـان ڕوویـان کـردووەتە ئەوینی یەزدانی یان ئەزموونی دیکە. نموونەی ئەو شـاعیرانەش مەلای جزیری کە یارەکەی ناوی (سـەلما) بووە، بێسـارانی کە یـارەکەی نـاوی (ئـامینە) بـووە، نـالی کە یـارەکەی نـاوی (حەبیـبە) بـووە، مەولەوی کە هاوژینەکەی ناوی (عەنبەر خاتوون) بووە لە شیعری مەولەویدا وەکوو یـار بـووە بە بەردەنـگ بە تـایبەتی لە لاوانـدنەوە بەسـۆزەکەی، حەسـەن

هەمەوەند کە یارەکەی ناوی (فەقێ ئامینە) بووە. ئەڵبەتە دەبێت ئەوە بوترێت کە سەبارەت بە یارەکانی جزیری و نالی و شاعیرانی دیکەش بۆچوونی جیاواز هەیە و دەڵێن تەنها ناوێکی خوازراو بووە و کەسانی وا بەو ناوانە لە ئارادا نەبوونە. لەنێوان هەمووواندا چیرۆکی ئەوینداریی وەلی دێوانە بۆ یارەکەی بە ناوی (شەمسە: شەم) زیاتر وەکوو ڕووداوێکی ڕاستەقینە لەناوانە و تا ئاستی ئەوە چووە کە ئەم چیرۆکە هاوشێوەی چیرۆکە بەناوبانگەکانی لەیلا و مەجنوون، شیرین و فەرهاد و ئەوانی دی بووەتە بە هێما و خوازە و ئایکۆنی شیعری.

لای سۆفییەکان و سۆفییەکی مەزنی وەکوو جەلالەدینی ڕۆمی، ئەوینداریی بۆ ڕوخسارێکی جەستەیی (وەک: ژن) بەردەبازێکە بۆ ئەوینداریی یەزدانی کە گیان لە جەستەدا ڕزگار دەکات:

ای صورت عشق ابد خوش‌رو نمودی در جسد

تا ره بری سوی احد جان را از این زندان ما (مولوی، ١٣٦١: ٢٥)

داستانی لەیلا مەجنوون کە داستانێکی ئەوینداریی جەستەیی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤە (قەیس: نێر و لەیلا: مێ)، هەموو هەوڵیان بۆ گەیشتە بە شەوی پەردە و چێژی جەستەیی. بەڵام تەگەرە بۆ دێتە پێشەوە و ئەم گەیشتنە ڕوونادات تا دۆخی قەیس سەردەکێشی بە دێوانەیی و چۆڵنشینی. کاتێک تەگەرەکان نامێنێت و لەیلا بەپێی خۆی دەچێت بۆ لای قەیسی مەجنوون و موژدەی دەداتێت کە گرفتەکان نەمان و ئیتر ئێمە بە ئازادی دەتوانین بە یەک بگەین و بۆ یەک بین. مەجوون لە وڵامدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| بۆ من خەیاڵت بەسە کافییە | گشت ئارەزووی تۆ بێئینسافییە |
| هەتاکوو چاوم پڕ نوور بوو ئەوسا | من تۆم نەئەدی ئەی مەلەک سیما |
| ئێستاکە دیدەم کەوا بێنوورە | ناتبینم دیتن لە چاوم دوورە |

بناغەی عەشقم زوو موحـــکەم بووە منی لەگەڵ تـــۆ هــــاودەم کردووە
خـــەیاڵت دڵـــی پڕ بـــــووە ئێستا جێگای ســوورەتی تۆی تێدا نــــەما
لە جەمــاڵی تۆ ڕووح ئەبینێ لــەزەت ڕووحم لای تۆیە بۆچیمە ســوورەت
دەروونم لـە تـــۆ خـــۆ مــــاڵامالە ئـــیتر ســوورەت بینین موحـــــالە

(عەسری، ٢٠٠٧: ٧٨)

وەکـــوو لە وڵامەکەی مەجنوونـــدا دیـــارە، خۆشەویســـتیی ڕوخســـار قۆنـاغێکە بۆ ئەوینێکی بـاڵا و نـاخەکی. مەجنـوون عاریفانە دەدوێت و دەڵێت: من گیانم لای تۆیە، نەک جەستە. کە دەروونـم پڕ لە تۆیە ئیتـر ڕوخسارت (جەستە: چێژ)م بۆ چییە. ئاماژەی بوونی یـاری مرۆیـی واتە کچێـــک وەکـــوو دڵـــدار، دەزگیـــران، هـــاوژین لە شـــیعری ســـافیدا یەکلانەبووەتەوە. بەڵام دەتوانین لەسەر دوو بنەما ئەوە بڵێین کە یـاری مرۆیی لە شیعری سافیدا هەیە.

**١-٤-٣-٢-بنەمای خوازە:**

ڕاســتەوخۆ نـاوی نەهێنـاوە و بەڵکـوو هەمـوو ئەو نـاو و وەسـفانە دەکرێت یەکێکیان و زیاتر لە یەکێک ناو یان وەسفێکی خـوازراوی یـارە مـرۆییەکەی بێـت. بـۆ نمـوونە نـاوی خـوازراوی (حەبیـبە کە لە دۆخـی بانگکردندا دەبێتە حەبیبا):

حـــەبیبا دڵ گەلێ بێمارە بــــێ تـــۆ
لەبەر دووریت لە ڕووح بێزارە بێ تۆ (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٢٤)

**٢-٤-٣-٢-بنەمای ژیننامە:**

بە گەڕانەوە بــۆ ژیننــامەی شــاعیر کە جەخـــت لەســـەر هەبـــوونی ئەزموونی ئەویـنداری مرۆیی بەتـایبەتی لە سـەردەمی لاوێتـی و قۆنـاغی یەکەمـــی ئەزمـــوونی شـــیعری وی دەکـــرێتەوە. لەم بـــارەوە دکتـــۆر بۆرەکەیی دەڵێت: لە تافی جوانییەوە خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو بووە

و لەو دەمەدا ئەوینــی گوڵەنــدامان و پەری پەیــکەران ئەویــان وەکــوو بولبــولێکی سەوداســـەر خســـتووەتە جریــوە و ناڵەنـــاڵ، بە ناچـــاری کەوتووەتە ناو دەریای دڵداری و خۆشەویستییەوە. بۆ سەلماندنی ئەم مەبەسـتە هـۆنراوە تەڕ و ئاودارەکـانی گرینگتـرین بەڵـگەن. (سەفی زادە، ٢٠٠٨: ٧١٦) دکتـۆر خەزنەدار دەڵێـت: زاراوە و لیکسـیکۆنی سـۆفیزم لە شیعری سافیدا هەیە. ئەگەر بە گشتی واتای شیعری لێکبدرێتەوە زیاتر دەشکێتەوە سـەر عشـقی مەجـازی نەک عشـقی حەقیقـی (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٢٩) مەبەسـت لە عشـقی مەجـازی، هەمـان ئەوینـی مـرۆییە کە لە ژیـانی ئەم دنیـــادا هەردوو ڕەگەز پەلکێشـــی یەک دەکـــات بە مەبەســـتی بەیەکگەیشـتن و ئـاوێزانبوونی جەسـتەیی. هەر لە ژیننامەیـدا هـاتووە کە لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا شیعری وای ڕێکخستوون بە تەرازووی هەست و سۆزی عاشقان و جواندۆستان بکێشرێن، چونکە پێداڵگوتنی شـەپاڵان و چاومەســتانی شۆخوشــەنگ لە هەنــدێ شــیعریدا بە ڕوونــی بەدی دەکـرێن... بەیتـی وای هەیە کە قەبـووڵی ئەوە ناکـات جگە لە جـۆش و خرۆشی دڵدارانە شتێکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە. (هیرانی، ٢٠١٥: ١٠٠ و ١٠١)

**٥-٣-٢-نموونە شیعرییەکانی یاری مرۆیی:**

لە دەرەوەی شـیعرەکان واتە لە ژیننـامەی شـاعیردا هـیچ سـەرەداوێک دەست نەکەوت لەسەر کەسایەتییەکی دیار وەکوو کچێک یاری سـافی بووبێـت. تەنهـا لەسـەر گریمـانە و ئامـاژەی سـەرپێی لە ژیننامەیـدا ئەم دوو نموونەیە وەکوو یاری مرۆیی دەخەینە ڕوو: نموونەی یەکەم:

بەو دوو چاوە دڵ کوژراوە
(یار) بە قـەتڵم ئەمری داوە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٤٥)

نموونەی دووەم:

بۆیە لە لای (یـــار) من هـــاوارم کرد
ڕازی دڵی خـــۆم پاک ئیـــظهارم کرد
دەردەکەی پەنهان عەرضی (یار)م کرد
چونکی ون نـــابێ دەرد لە تەبـــیبان (هیرانی، ٢٠١٥: ٣١٢)

بە گەڕانەوە بۆ ژیننامەی شاعیر کە لە تەمەنی (١٤) ساڵییەوە بە هەوای جـوانیی کچـانی شۆخوشـەنگ و ئەوینـداری مەجـازییەوە شـیعری نووسـیوە و هەروەهـا بە سـەرنجدان لە سـادەیی ئەم دوو شـیعرە بە بەراورد بە شـــیعرەکانی دیـــکەی، ئەوە هەڵـــدەهێنجێنم کە ئەم دوو شـیعرەی لە ئەزمـوونە سـاکارەکانی سـەرەتای شیعرنووسـینێتی کە سەردەمی لاوێتی و ئەویندارییی زەوینی بووە.

## ئەنجام

لە شیعرە کوردییەکانی سافی هیرانیدا:

١-پەیڤی یار (٨٠) جار دووبارە بووەتەوە.

٢-بەکارهێنـانی پەیڤـی (یـار) تەنهـا بە یەک مەبەسـت و بـۆ یەک کەس وەکـوو مەعشووقی مێ، بەکارنەهاتووە. بەڵکوو بەهۆی خوازەوە بەشێکی زۆری ئاماژەکان فرە دەلالەتن و زات و بوونی پێواری و شت و کەسانی دیکەش دەگرێتەوە. لە چەند شـیعرێکدا ئاماژەکـان بە جـۆرێکن، کە دەکرێـت لەهەمـان کاتـدا دوو یـان زیـاتر لە دەلالەتەکانی بگرێتەوە.

٣-یار هەمیشە وەکوو بەردەنگ بۆ کەسی دووەمی تـاک بەکارنەهـاتووە. لە زۆربەی جارەکاندا لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدان.

٤-یار وەکوو سەرچاوەی خۆشەویستی سێ جۆری هەیە کە یاری عیرفانی و یاری ئەدەبی و یاری مرۆیین.

٥-یار لە جۆری عیرفانیدا کە سەرچاوەی خۆشەویستیی ڕووحیین، بریتییە لە: خودا، پێغەمبەر، شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مورشید. زیاتر لە هەمووان کە بەهۆی جۆری ڕووالەتدارییەکەیەوە بیناسینەوە، شێخ عەبدولقادری گەیلانییە. کەمتر لەوانی تر مورشید تەنها یەک ئاماژەی هاتووە، ئەویش هاوشان لەگەڵ (دەلیل)دا هاتووە. بۆیە ئەو خوێندنەوەیە هەڵدەگرێت کە یار هەمان دەلیل بێت واتە مورشید.

٦-زۆربەی هەرەزۆری ئاماژەکانی یار، یاری ئەدەبی دەگرنەوە کە شاعیر توانای شاعیرانەی خۆی تاقی کردووەتەوە. یاری ئەدەبی جگە لەوەی یارێکی خەیاڵی دەگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، دەتوانێت هەم یاری عیرفانی بێت و هەم یاری مرۆیی. لێرەدا دەکەوێتە سەر پاشخانی خوێنەر کە ئەم یارە خەیاڵییە بە کام لادا دەشکێنێتەوە.

٧-بەڵگەی بەهێز بۆ بوونی نموونەی یاری مرۆیی نییە، کە شاعیر لە ژیانیدا ئەزموونی ئەوینداری لەگەڵ کچێکی دیاریکراودا هەبووبێت. یان لانی کەم شیعری بۆ کچ یان کچانێک نووسیبێت.

٨-لە هەموو جۆرەکانی یاردا، بابەتی دووری یار زۆرترین دووپاتبوونەوەی هەیە.

٩-زۆربەی بەردەنگەکان لە جۆری بێڕووالەتن، کە شاعیر ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ناویان نەکردووە. تەنها ئاماژەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ڕووالەتدارن.

١٠-یار بۆ شاعیر لە هەرجۆرێک بووبێت، ئەوینی ئەو یارە؛ خاڵی وەرچەرخان بووە:

ئاسنێ سارد بوو لەپێشدا دڵ لە بێ یار و کەچی
گەرچی ئێستێکە لە کوورەی عەشقی دائیم جۆشییە

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی:


١-ئیبراهیمی. غەفار. ٢٠١١. لەیلا و مەجنوون خانای قوبادی. ساغکردنەوە و ئامادەکردنی غەفار ئیبراهیمی، پێداچوونەوەی محەمەد ڕەشید ئەمین پاوەیی. سلێمانی: بنکەی ژین ژمارەی زنجیرە: ١٣٤.

٢-بەلەدی، ئەحمەد. ١٣٩٨. دیوانی ئەمین ئەشنویی. سنندج.

٣-پیربال، فەرهاد. ٢٠٢١. مێژووی ژن لە کوردستان. سلێمانی: چاپخانەی مایا.

٤-حمد، عبدالله. ٢٠١٨. دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری. هەولێر: تەفسیر.
٥-خەزنەدار. مارف. ٢٠٠٥. مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە ٣٦٥.
٦-سەفی زادە، صدویق بۆرەکەیی. ٢٠٠٨. مێژووی وێژەی کوردی، ب٢. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە ٧٢١.
٧-خۆشناو، هێمن عومەر. ٢٠١٦. هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە ٣١٩.
٨-چالی، شەعبان. ٢٠٠٨. شێوازی شیعری جزیری. دهۆک: سپیرێز، ژمارە: ٢٩٥.
٩-عەسری، عەبدولخالیق موحەممەد ئەمین. ٢٠٠٧. لەیلا و مەجنوون. لەسەر ئەرکی عەبدولخالیق موحەممەد ئەمین چاپکراوە. کەرکووک.
١٠-قەبانی، نزار. سەرگوزەشتەم لەگەڵ شیعردا. و: عبدالرحیم ئەحمەد عەلی.
١١-کەریم، محەمەدی مەلا. ٢٠١١. دیوانی بێخود (کوردی و فارسی)، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
١٢-مودەڕڕیس، عبدالکریم و موحەممەدی مەلا کەریم. ١٣٨٧. دیوانی مەحوی. سنە: انتشارات کردستان.
١٣-مەستی، نیاز و هانا کاکی هیرانی. ٢٠٢٢. دیوانی خەزان. پوختەی مێژووی بنەماڵەی کاکی هیرانی، ژیان و شیعرەکانی شێخ جونەیدی صافی هیرانی. هەولێر.
١٤-مەلا، ئەحمەد. ٢٠١٣. مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا. سلێمانی: ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
١٥-هەژار، عبدالرحمن شرفکندی. ١٣٨١. فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە. تهران: سروش.
١٦-هەورامی، نامیق. ٢٠١٣. هەورامی زمانی ئایینی یارسان. سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
١٧-هیرانی. محەمەد مەلا مستەفا. ٢٠١٥. دیوانی صافی هیرانی کاک مصطفی کوڕی کاک عەبدوڵڵا ثانی ١٨٧٣ – ١٩٤٢، هەولێر: مکتبە محوی.

**به زمانی فارسی:**

١٨-ازاری، ساناز و علی اکبر باقری خلیلی. ١٣٩٨. مخاطب شناسی در غزلیات حافظ شیرازی با تکیه بر نقش ترغیبی. کهن نامه ادب پارسی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی. سال دهم شماره اول: ٦٥ – ٩٥.
١٩-اکبری، منوچهر و رقیه سپهری. ١٣٨٨. لزوم شناخت مخاطب از دیدگاه علوم بلاغی. پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی. پرتال جامع علوم انسانی شماره ٨: ١٩٢ - ٢٠٥.
٢٠-باران، بیژن. ٢٠١٠. اروتیزم در شعر فروغ فرخزاد. سایت عصر نو: https://asre-nou.net/php/view.php?objnr=12030
٢١-پرین، لارس. درباره شعر. ترجمه: راطمه راکعی ١٣٨٣. تهران: انتشارات اطلاعات.
٢٢-توکلی، محمد رئوف. ١٣٨١. تاریخ تصوف در کردستان. سنندج: انتشارات توکلی.
٢٣-ذوالفقاری، محسن و طاهره میرهاشمی. ١٣٩١. گزینش مخاطب درون متنی شعر مشروطه (بر پایهء نگرشهای اجتماعی– سیاسی). فصلنامه علمی – پژوهشی ((پژوهش زبان و ادبیات فارسی)) شماره بیست و چهارم.
٢٤-شیرازی، حافظ. ١٣٨٠. خاطر مجموع: جامع دیوان حافظ. تهران: نشر فاخر.
٢٥-صادقی، معصومه. ١٣٩٥. مخاطبان خاص و عام در شعر احمد شاملو. یازدهمین گردهمایی بین المللی انجمن ترویج زابن و ادب فارسی. دانشگاه گیلان.
٢٦-غلامی، فاطمه و نجف جوکار. ١٣٩٥. مبانی نظری و کارکردهای عملی جایگاه مخاطب در نگاه سخنوران. نشریهء علمی – پژوهشی، پژوهشهای ادب عرفانی (گوهر گویا)، سال دهم، اول (٣٠): ١ – ٣٢.
٢٧-فولادی، علیرضا. ١٣٨٧. زبان عرفانی. تهران: نشر فراگفت.
٢٨-فولادی، علیرضا. ١٣٨٣. آغاز شعر عرفانی فارسی. دو فصلنامه پژوهش زبان و ادب فارسی. دورەی دوم. شماره (٢): ٢٣ – ١٧.
٢٩-طاهری، طیب. ٢٠٠٩. تاریخ و فلسفه سەرەنجام، شرحی بر نحلههای فکری و اعتقادی در کردستان، فرهنگ یارسان، اربیل: مرکز نشر مکریان شماره اثر: ٤٢٤.

٣٠-مولوی، مولانا جلال الدین محمد. ١٣٦٣. کلیات شمس یا دوان کبیر. جزو اول. با تحصیصات و حواشی: بدیع الزمان فروزانفر. تهران: چاپخانەی سپهر.
٣١-هنرمند، سعید. ٢٠٠٣. کهنترین شعر دنیا، ایناننا بانوی بزرگترین قلب. نقل از شهروند، چاپ کنادا، سایت عصر نو: https://www.asre-nou.net/1382/khordad/14/m-honarmand.html

**به زمانی عەرەبی:**

٣٢-القرآن الكريم
٣٣-صحيح البخارى
٣٤-الزعيمى، دانيه. ٢٠٢٢. رابعة العدوية.. "سيدة العاشقين" التي أسست مذهب الحب الالهي في التصوف الاسلامي. سايت مرايا: https://marayana.com/laune/2022/05/30/8962/

## ملخص

الشعر لغة الشاعر واللغة صورة الفكر. ولذلك فإن الشعر هو مرآة لأفكار الشاعر ومعتقداته حول ساير الأشياء والضواهر التي أصبحت حقيقة بالنسبة له، سواء كانت مقبولة أو مرفوضة. في هذه المرآة نرى عدة زوايا للشاعر نفسه عن الطبيعة و و الضواهر و الناس. الشعر له خطابه الخاص وهو موجه. فالشخص أو الأشخاص الذين يوجه إليهم الخطاب يصبحون المخاطبين الشعري، الذين يمكن أن يكونوا بشرًا مثل الشاعر نفسه، أو كائنات الغيبية والمعنوية، أو جمادات. المخاطب هو أهم موضوع في الشعر يوجه فيه الشاعر رسالته وخطابه. لذا يمكننا أن نسأل من يتحدث الشاعر أو من هم؟ ولذلك يمكننا في الشعر أن نسعى إلى التعرف على الآخر، وكيف يبرز في عقل الشاعر ونصه الشعري. إن التعرف على المخاطب، يفتح الباب أمام فهم أفضل للمعاني الخفية للشعر. كما ذكرنا، هناك أنواع عديدة من المخاطبين. لكن بشكل عام، في الشعر الغنائي والصوفي، هو (يار: المعشوق) دائمًا. في هذه الدراسة، وبعد تحديد أنواع المخاطبين وتصنيفهم، جرت محاولة

لمناقشة (يار: المعشوق) كمخاطب شعري في قسم الأشعار الكردية ل(صافي هيراني) بكل ما يحمله من معاني المجازية. من هو هذا (يار: المعشوق) أو من هم؟ صافي باعتباره أحد الممثلين الثاني أو الثالث لمدرسة بابان الشعرية و ذات الروحية الصوفية، عاش في أواخر القرن التاسع عشر ومنتصف القرن العشرين. تم تحديد إشارات كلمة (يار: المعشوق) في الشعر الصافي وتصنيفها إلى ثلاثة أنواع: المعشوق صوفية (الحب الحقيقي)، المعشوق أدبية (الحب المثالي)، المعشوق إنسانية (الحب المجازي). ولكل نوع من هذه الأنواع الثلاثة وفروعها، جرت محاولة تقديم وتفسير ثلاثة أمثلة من الشعر كأدلة.

## Summary

Poetry is the language of the poet and language is the image of thought. Therefore، poetry is a mirror of the poet's thoughts and beliefs about all other things and phenomena that have become reality for him، whether they are accepted or rejected. In this mirror we see several angles of the poet himself about nature، phenomena، and people. Poetry has its own discourse and it is directed. The person or persons to whom the speech is addressed become the poetic addressees، who can be human beings like the poet himself، metaphysical and intangible beings، or inanimate objects. The addressee is the most important topic in poetry through which the poet directs his message and speech. So we can ask who the poet is talking about or who are they? Therefore، in poetry، we can seek to know the other، and how it appears in the poet's mind and his poetic text. Identifying the addressee opens the door to a better understanding of the hidden meanings of poetry. As mentioned، there are many types of addressees. But in general، in lyric and Sufi poetry، it is always (Yar: Lovely). In this article، after identifying the types of addressees and classifying them، an attempt was made to discuss (Yar: Lovely) as a poetic addressee in the section of Kurdish poetry by Safi Hirani، with all the metaphorical meanings it carries. Who is this (Yar: Lovely) or who are they? Safi، as one of the second or third representatives of Baban's poetic school and spiritual Sufism، lived in the late ١٩th and ٢٠th centuries. References to the word (Yar: Lovely) in Safi poetry have been identified and classified into three types: mystical lovely (True love)، literary lovely (Ideal love)، and humane lovley (Virtual love). For each of these three types and their branches، an attempt was made to present and interpret three examples of poetry as evidence.